سکرتاریەتی کۆڕبەندی رۆشنبیریی هەڵبژاردن

ELECTORAL EDUCATION CAMPAIGN PROJECT

پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن

# پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردنەکان

## رێنمایی ستراتیجی بۆ چالاکییە جەماوەرییەکان

## NATIONAL ELECTORAL EDUCATION MANUAL PLAN

## الخطة الوطنية للتوعية الانتخابية



المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات في العراق

**کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق**

**The Independent High Electoral Commission of Iraq (IHEC)**

UNOPS

پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە لایەن **پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردنەوە** ئامادە کراوە، و لە لایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان (UNOPS) جێبەجێ دەکرێت و لە لایەن سنووقی کۆمەکی عیراق- گرووپی گەشەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDG ITF) تەمویل دەکرێت.

## پوختەی جێبەجێکاری

پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP) چوارچێوەی ستراتیجی دادەڕێژێت بۆ جێبەجێکردن و راپەڕاندنی پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن (EECP)، کە لە لایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئەنجام دەدرێت. پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن ( EECP) هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی جەماوەر و تاوتوێی نێوان سەرجەم لایەنەکانی بواری پرۆسەی هەڵبژاردن دەدات لە رێی پشتگیریی ئەو دەستپێشخەرییانەی لە لایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقییەوە داڕێژراون. پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن ( NEEP) رێنمایی پێشکەش ئەو رێکخراوانە دەکات کە چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن. ئەمە لە لایەن (کۆڕبەندی رۆشنبیریی هەڵبژاردن ( EEF)ەوە بەرهەم هێنراوە، کە دەستەیەکە بۆ هەماهەنگیی هەڵمەتەکە و جەختکردنەوە لە پێکەوە کارکردن و هەماهەنگی سەرجەم چالاکیەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن, هەروەها ئەڵقەی پەیوەندییە لە نێوان کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و هاوڵاتیان دا.

رەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی (سووڕی نوێی هەڵبژاردن) کار دەکاتە سەر ئەم هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردنە. عیراق ساڵانێکی سەختی بە خۆیەوە بینی، ئاسایش و ئارامی نەمابوون و کۆچپێکردنی تایەفەگەرییانە ناوچەکانی بە گوێرەی ئاینزا و تایەفە دابەش کردبوو. ئەنجامەکەشی بریتی بوو لە زیاتر لە 2.4 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و تانوپۆی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی هێڵی تایەفەکان دابەش بوو. نەبوونی خزمەتگوزاریە بنەڕەتییەکانیش رۆڵی هەبوو لەوەی هاوڵاتیان متمانەیەکی سنووردار و بەرتەسکیان بە دامەزراوە دیمۆکراسییەکان هەبێت. کۆمەڵگەی مەدەنی کە توخمێکی بنەڕەتییە بۆ فرهەنگی دیمۆکراسی درێژخایەن و گشتگیر تا ئێستاش هەر لاوازە. لە لایەکی ترەوە، شتێکی ئاساییە بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیانی عیراق، ئەوانەی نەیانتوانی بەشداری لە دوایین هەڵبژاردنەکان دا بکەن، لە پرۆسەی سیاسی دوور بکەونەوە. بەڵام هەندێک ئاماژەی هاندەر هەن لەو لایەنە سیاسییانەوە کە لەبەر بێ متمانەیی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشدار نەبوون، ئێستا دەیانەوێت بەشداری بکەن. دواجار، ئەو وانانەی لە هەڵبژاردنەکانی 2005 ەوە فێری بوون ئاماژەن بە زەروورەتی بەشداریکردنی جەماوەر لە چالاکی راستەوخۆی جەماوەرییدا کە هەمووان بەشداری تێدا بکەن، هەروەها ئاماژەن بە بایەخی ئەوانەی لە کۆمەڵگەدا کاریگەرییان هەیە.

(پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن) لە دیمەنێکی نوێ و پڕ لە ئاستەنگ دا ئەنجام دەدرێت، لە ساڵی2007ەوە دەسەڵاتێکی نوێی هەڵبژاردن دامەزرێنراوە: کە بریتییە لە (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) و لەژێر سەرپەرشتی (ئەنجومەنی نوێنەران) دا دەبێت. کاری بریتییە لە راگەیاندن و رێکخستن و جێبەجێکردن و سەرپەرشتی چالاکییەکانی هەڵبژاردن. هەموو کاروبارەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو، بە پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران، و هەروەها هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ریفراندۆمیشەوە.

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ئەنجومەنی کۆمیسیۆن و بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردن پێك دێت. بەڕێوەبردنی کۆمیسیۆنەکە لە 19 نووسینگە پێك دێت لە سەرجەم پارێزگاکان دا (بەغداد دوو نووسینگەی بۆ دانراوە، (یەکێك لە کەرخ و ئەوەی تر لە رەسافە)، هەروەها نووسینگەی هەرێمایەتی لە کوردستان و بارەگای نیشتمانی لە بەغداد.

بڕیاردان لەسەر (یاسای ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێك دا کۆنەبوونەتەوە) لە شوباتی 2008 دا بواری بۆ تاوتوێی رەشنووسی یاسای هەڵژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەرێمەکان رەخساند. لە حاڵەتی دەنگدان لەسەر ئەم یاسایە، وا چاوەڕوان دەکرێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کۆتایی ئەمساڵ دا ئەنجام بدرێت. بۆنەی تری هەڵبژاردنیش لەسەر ئاستی وڵات بەڕێوەیە لە 2009/2008 دا، بۆ نموونە ریفراندۆم لەسەر دەسکاریکردنی دەستور، و خولێکی نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان کە چاوەڕوان دەکرێت لە کانونی یەکەمی 2009 دا ئەنجام بدرێت. هەروەها لیستی تۆماری دەنگدەران لە تەموزی 2008 دا نوێ دەکرێتەوە. لە قۆناغێکی دواتریش دا مەرجە یاساییەکان و رێوشوێنەکان و مێژووی قۆناغە ئایندەییەکانیش دەستنیشان دەکرێن (ناونانی پاڵێوراوان، هەڵمەتەکان، پرۆسەی دەنگدان، و ژماردنی دەنگەکان).

پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP) رێبنمایی پێشکەشی ئەو رێکخراوە ناحکومییانە دەکات کە چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن لە رێی روونکردنەوەی ئامانجەکان بۆ جەماوەر، بابەت و پەیامە سەرەکییەکان، شێواز و ئامرازەکانی پەیوەندیبەستن (گەیاندن) و پرەنسیپەکانی جێبەجێکردن. بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەم رێنماییانە بەکاربهێنرێت پێویستە رێکخراوە ناحکومییەکان سەرلەنوێ چالاکی و پلانەکانیان بۆ هەڵمەتەکە هەڵبسەنگێننەوە و جەخت لە گونجاوێتییان لەگەڵ ئەو نیشاندەرانە بکەنەوە کە کۆڕبەندییەکە دایڕشتوون. چالاکییەکانی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن ئاوێتەیەکن لە:– بەرزکردنەوەی رۆشنبیریی دەنگدەران (لە بواری هەڵبژاردن دا)، زانیارییەکانی دەنگدەران، و بنچینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی.

ئامانجی ستراتیجی (پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن) بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی هاوڵاتیانی عیراق و پاڵپشتی لە سیستمی دیموکراسی و بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوودا. ئامانجی ئەم پرۆژەیە بریتییە لە هەموو هاوڵاتیانی عیراق، بەڵام کۆڕبەندییەکە ئەم پێشەنگێتییانەی داڕشتووە: لاوان و ئەو دەنگدەرانەی یەکەم جاریانە دەنگ بدەن، ئاوارەی ناوخۆ، ئەو دەنگدەرانەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشدارییان نەکردووە، و ئافرەتان و ژنان. زۆر گرنگە هاوڵاتیان بە رەچاوکردنی ئیسنی (عرق)، فەرهەنگی، و جوگرافییەوە پۆلێن بکرێن و چالاکییەکان ئامادە بکرێت بۆیان.

کۆڕبەندییەکە جەخت لە شیکردنەوە و پۆلێنکردنی جەماوەر دەکاتەوە، و ئاشنابوون بە هەڵوێستیان لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانیان. بە تایبەتی رەچاوکردنی متمانەی لاوازی جەماوەر بە حکومەت و دامەزراوە دیموکراسییەکان، تێڕوانینی جەماوەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە ناوچە جۆراوجۆرەکان دا لە تێڕوانینیان لە هەڵوێستە گشتییەکە و کاریگەری دوایین هەڵبژاردنەکان، و ئارەزووی جەماوەر لە پشتگیری دەزگا ناوخۆییەکان کە دەتوانن باشتر خزمەتگوزاری پێشکەش کۆمەڵگە بکەن. رابەرانی ئایینی، و پرۆفیسۆر و مامۆستایان زیاتر لە هەمووان جێی متمانەی کۆمەڵگەن، پێش رابەرانی عەشایەر و میدیا (راگەیاندن).کۆڕبەندیەکە ئامۆژگاری رێکخراوە ناحکومییەکان دەکات شیکردنەوەی زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەنجام بدەن، ئەو هەل و ئاستەنگانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە لە پرۆسەی چالاکیی جەماوەری دا دیاری و دەستنیشان بکەن.

ئنجا پێویستە رێکخراوە ناحکومییەکان پەنجە بخەنە سەر باشترین شێوازەکان. کۆڕبەندییەکە ئەم شێوازانەی پێشنیار کردووە بۆ هەر گرووپێکی جێی ئامانج: تەلەفیزیۆن و هۆیەکانی راگەیاندن بۆ لاوانی شارنشین، و چالاکیی راستەوخۆ لە رێی وەرزش و بەنامەی ئینتەرتەینمێنت، بە تایبەتی بۆ لاوانی دێ و گوندەکان. میدیا و کۆبوونەوەی راستەوخۆ بۆ ئاوارەی ناوخۆ. بەرنامەی رادیۆ بە رۆژ و کۆربوونەوەی تایبەت بۆ ئافرەت و ژنان. سێشن (کۆبوونەوە)ی تایبەت و میدیا بۆ نەخوێندەوارەکان. کۆبوونەوەی راستەوخۆ و رادیۆ بۆ ناوچە دوورەکان، چالاکیی بە پەیامی تایبەتەوە بۆ کەم ئەندامان (پەککەوتە) و بۆ زمانی کەمینەکان. کۆڕبەندییەکە جەخت دەکاتەوە لە بایەخی رۆشنبیرکردن و وەرگرتنی بیروبۆچوونی رابەرانی کۆمەڵگە لە هەموو گرووپ و لە هەموو بارودۆخێك دا.

کۆڕبەندییەکە جەخت لە پێنج بواری رۆشنبیری دەکاتەوە: بنچینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی، چوارچێوەی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، پرۆسەی هەڵبژاردن، و بایەخی بەشداریی هاوڵاتیان، بە جەختکردنەوە لە بایەخی بەشداریی ئافرەتان، ئاوارەی ناوخۆ، و لاوان. سەرەڕای ئەمە کۆڕبەندییەکە لیستێکی داڕشتووە بۆ ئەو بابەتانەی کە لە هەڵمەتەکەدا تاوتوێ دەکرێن: بنچینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی (واتە دیموکراسی، سەروەریی یاسا و دەستور، رۆڵ و ئەرکی حکومەت، بە حوکمی ناوچەییشەوە، رۆڵی خەڵك لە حکومەت دا) چوارچێوەی یاسایی و لایەنەکانی هەڵبژاردنەکانی عیراق، پرۆسەی هەڵبژاردن (جەختکردنەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان). پێویستە رێکخراوەکان بە رەچاوکردنی ئەم خاڵانە پێشەنگێتی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانیان دابنێن: قۆناغی هەڵبژاردن، جەماوەرەکە، ماوەی چالاکییەکان و چەند جار دووبارەی دەکەنەوە دەدەنەوە، پەیڕەوکردنی رێنماییەکانی کۆڕبەندییەکە. بۆ

ئەوەی بتوانن پەیامەکانیان و چالاکییەکانیان ئامادە بکەن پێویستە ئەم سەرچاوانەیان لەبەردەست بێت: نامیلکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن، چاپکراوەکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن، وێبسایتی کۆمیسیۆن و وێبسایتی کۆڕبەندییەکە.

بۆ ئەوەی چالاکییەکان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، کۆڕبەندییەکە داوا لە رێکخراوە بەشدارەکان دەکات رێز لە خشتەی کاتی قۆناغە سەرەکییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بگرن، بەو شێوەیەی کە لە پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا هاتووە، و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە بەشدارەکانی تر بکەن، بە تایبەت لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵا، لە رێی (لیژنەی رۆشنبیریی هەڵبژاردنی سەر بە پارێزگاکان)، بۆ جەختکردنەوە لە یەکێتی و تەبایی پەیامەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستگەیشتن بە هاوڵاتیان، و هەروەها مەزنترکردنی کاریگەریی چالاکییەکان.

دواجار، کۆڕبەندییەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە رێکخراوە ناحکومییەکان بەردەوام چالاکییەکانیان هەڵبسەنگێنن و پێیدا بچنەوە، و زانیاری و سەرنج و بیربۆچوون لەگەڵ رێکخراو و لایەنەکانی تر بگۆڕنەوە.
پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP) نامیلکەیەکی زیندووە و کراوەیە و کۆڕبەندییەکە بەردەوام نوێی دەکاتەوە بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی چوارچێوەی هەڵبژاردنەکە بێت و باشترین شێوازی پیادەکردن لەخۆ بگرێت، بەم شێوەیەش کاریگەری هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردنەکە زیاتر دەکرێت.

## ناوەڕۆك


پێشەکی 8

1. پاشینە (باکگراوند) 10

1.1 بارۆدۆخی کۆمەڵایەتی 10

1.1.1 نائارامی، ئاوارەیی، و دابەشبوون 10

1.1.2 نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و کەمیی متمانە بە دەزگا دیمۆکراسییەکان 10

1.1.3 لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی 10

1.2 بارودۆخی سیاسی 11

1.3 هەڵبژاردنەکانی 2005: هەندێك لە وانەکانی بەرنامەی رۆشنبیریی جەماوەریی 12

2. سووڕی هەڵبژاردنی 2008–2009 13

2.1 سووڕی هەڵبژاردنی پێشوو 13

2.2 دەزگایەکی نوێی هەڵبژاردن: کۆمیسیۆنی باڵا 14

2.2.1 ئەرکە یاساییەکانی کۆمیسیۆنی باڵا 14

2.2.2 پێکهاتەی کۆمیسیۆنی باڵا 14

2.2.3 بەشی پەیوەندیی جەماوەریی کۆمیسیۆن 15

2.3 چوارچێوەی یاسایی 15

2.4 زنجیرەی هەڵبژاردن 15

2.4.1 هەڵبژاردنەکانی داهاتوو 15

2.4.2 قۆناغەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دا 16

2.5 ئاستەنگەکان 17

3. پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن 19

3.1 ئامانجەکان 19

3.2 چوارچێوە 19

3.3 پرۆژەی هەڵمەتی هەڵبژاردن: پێشەنگێت بۆجەماوەر 20

3.4 هەڵمەتێکی هەمەلایەن و هەماهەنگ 20

3.4.1 تێڕوانینێك لە ستراتیجی پەیوەندیبەستن بە جەماوەر لە کۆمیسیۆن........................................ 20
3.4.2 ستراتیجێکی هەمەلایەن.................................................................................................... 21
3.4.3 جێبەجێکردنی هەماهەنگ................................................................................................... 21

4. ڕێنمایی ستراتیجی................................................................................................................ 23

4.1 چالاکیی رۆشنبیریی بۆ پشتگیریی لە هەڵبژاردنەکان و دیمۆکراسی........................................... 23
4.2 ئامانجی ستراتیجی................................................................................................................ 24
4.3 جەماوەرەکە........................................................................................................................ 25
4.4 رووپێوی جەماوەر............................................................................................................... 25
4.4.1 توخمە سەرەکییەکان......................................................................................................... 26
4.4.2 رووپێوێوێکی بنچینەیی جەماوەر........................................................................................ 26

4.5 شێوازەکان- تاکتیك و ئامرازەکان.......................................................................................... 27
4.5.1 هەڵبژاردن: پرۆسەی هەڵبژاردن (جەختکردنەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان)......... 27
4.5.2 نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران........................................................................................ 28
4.5.3 دیاریکردنی پاڵێوراوان....................................................................................................... 28
4.5.4 ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن................................................................................................ 30

4.6 بابەت و پەیامە سەرەکییەکان : داڕشتنی ناوەڕۆکەکە.............................................................. 31
4.6.1 ئەو بوارانەی جەختیان لێ دەکرێتەوە.................................................................................. 33
4.6.2 بابەت و بابەتی لاوەکی....................................................................................................... 33
4.6.3 داڕشتنی پەیام.................................................................................................................. 34
4.6.3.1 چوارچێوە...................................................................................................................... 36
4.6.3.2 ئامادەکاری، داڕشتنی پەیام بە گوێرەی رەوشەکە............................................................. 36
4.6.3.3 داهێنان لە داڕشتنی ناوەڕۆك دا...................................................................................... 37

4.7 سەرچاوەکان........................................................................................................................ 37
4.8 جێبەجێکردن....................................................................................................................... 38
4.8.1 رێزگرتن لە قۆناغەکانی هەڵبژاردن..................................................................................... 38
4.8.2 سوودەکانی هەماهەنگی...................................................................................................... 39
4.9 هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە................................................................................................. 39

5. سەرەنجام – پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن وەك بەڵگەنامەیەکی زیندوو و کراوە............ 40
6. پاشگر – رێسکانی رەفتار...................................................................................................... 41

## پێشەکی

سەرکەوتنی ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنانەی لە 2008 و 2009 دا ئەنجام دەدرێن تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە پشتگیری و بەشداری هاوڵاتیانی عیراق دەبەستێت. زۆر گرنگە جارێکی تر لە ژینگەی جەماوەری دا تاوتوێی بایەخی هەڵبژاردنەکان بکرێت وەك بناغەیەك بۆ دیموکراسی، و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر سەبارەت بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن. وەك دەزگایەك کە تازە پێکهێنراوە، کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عیراق پێویستی بە هاوکاری و پشتگیری کۆمەڵگەی مەدەنییە لە بواری کۆششەکانی ڕۆشنبیریی دا بۆ گەیاندنیان بە هاوڵاتیانی عیراق. پرۆژەی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن هاوکاری پێشکەش دەکات لە بواری دروستکردنی کەش و میکانیزم بۆ کۆمیسیۆنی باڵا و کۆمەڵگەی مەدەنی تا پێکەوە لە نزیکەوە کار بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، تێگەیشتن و پشتگیری خەڵکی عیراق لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن.

پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن چوارچێوەیەکی ستراتیجی دادەڕێژێت بۆ ئەنجامدان و جێبەجێکردنی پرۆژەی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییە بەشدارەکان و لیژنەکانی پارێزگاکان بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن. ئەمە لە لایەن کۆڕبەندی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنەوە داڕێژراوە، کە دەزگایەکە بۆ هەماهەنگیی هەڵمەتەکە، لە ڕێی ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و بە بەشداری کۆمیسۆنی باڵا. بەم شێوەیە جەخت لە هەماهەنگی لەگەڵ کۆششە گشتییەکەی گەیاندنی بە جەماوەر دەکرێتەوە، و لە لایەن دەسەڵاتی بواری هەڵبژاردنەوە ڕابەرایەتی دەکرێت. کۆڕبەندییەکە ڕاوێژ پێشکەشی هەڵمەتەکە دەکات، کاریگەرەکەی هەڵدەسەنگێنێت، و بە پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا دەچێتەوە بۆ ئەوەی شانبەشانی چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکە هەنگاو بنێت.

پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن ( NEEP) ڕێنمایی بەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدات کە چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن، لە ڕێی داڕشتنی ئامانجەکان، دەستنیشانکردنی جەماوەرەکان، پەیام و بابەتە سەرەکییەکان، شێواز و ئامرازەکانی گەیاندن، و ڕێنمایی لەسەر جێبەجێکردن. پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP) زۆر پڕبایەخە بۆ جەختکردنەوە لەسەر دابەشکردنی زانیاری ورد و دروست بە جەماوەرەکەدا. ئامانجەکانی پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP) بریتین لە:

- وەك سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ کۆششەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن سەیری دەکرێت، بە تایبەت لە بواری چالاکییەکانی هەڵبژاردن دا.
- پشتگیریی ئەو لایەنانەی لە پرۆسەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا بەشدارن لە ڕێی ڕێنمایی ستراتیجییەوە.
- بەرجەستەکردنی هاوکاری و کۆدەنگی لە نێوان کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا.
- دواجار، هاندانی بەشداریی دەنگدەرانی عیراق لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دا.

پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن ( NEEP) هەروەها لە دووتوێی (پەیماننامەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن، EEP) دا ڕێوشوێنە گشتییەکانی شێوازی ڕەفتاری لایەنە بەشدارەکانی پرۆسەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دیاری دەکات (بڕوانە پاشگرەکە). هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە پرۆژەی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن (EECP) دا بەشداری دەکەن و کۆمەك لە سندوقی کۆمەکی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن ( EEGF) وەردەگرن پێویستە پابەند بن بەم پەیماننامەیەوە. داوا لە هەموو ڕێکخراوە بەشدارەکانی چالاکییەکانی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن دەکرێت کە پابەند بن بەو پرەنسیپانەوە.

**پەیکەربەندی (هیکلیە)ی پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

بەشی یەکەم بریتییە لە:- توخمە سەرەکییەکانی پاشینە، رەوشی کۆمەلایەتی و سیاسی، سەرەڕای وانەکانی سووڕەکانی پێشووی هەڵبژاردن، کە سوودیان لێوەرگیراوە بۆ داڕشتنی پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP).
بەشی دووەم بریتییە لە چوارچێوەی سووڕی ئایندەی هەڵبژاردنەکانی2008-2009:دەزگای هەڵبژاردن، چوارچێوە یاساییەکە، رۆژژمێر (خشتەی کات)ی هەڵبژاردن و قۆناغە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن بەو شێوەی ئێستا پێشبینییان دەکرێت.
بەسی سێیەم بریتیە لە وردەکاری لەسەر پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن ( EECP) و بەشی چوارەم بریتییە لەو رێنماییە ستراتیجییانەی کۆڕبەندییەکە لەسەری رێککەوتووە بۆ جێبەجێکردنەکە: ئامانجی ستراتیجی، ئەو جەماوەرەی بەرنامەکەیان پێشکەش دەکرێت، رەوشی ئێستا بەرەو هەڵبژاردنەکان، پەیامە سەرەکییەکان، شێوازەکان، ئامراز و بەرهەمەکان، توخمە سەرەکییەکانی جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە.

(نامیلکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن،EEM) کە لە لا یەن کۆڕبەندییەکەوە داڕێژراوە، نامیلکەیەکی تەواوکەری پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن ( NEEP)ە: بریتییە لە پوختەی پەیامە سەرەکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن و رێنمایی سەبارەت بە پلاندانان و داڕشتنی چالاکییەکانی گەیاندنی بەرنامەکە بە جەماوەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ، هەروەها بنچینەکانی (شێوازی بەشدارپێکردن).

## 1. پاشینە (باکگراوند)

پاشینەکە بریتییە لە تێڕوانینێکی کورت لەسەر توخمە سەرەکییەکانی ژینگەکە و مێژووی نوێ کە پێویستە لە کاتی داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا رەچاوی بکەین، چونکە کار دەکەنە سەر کاریگەرەکەی.

### 1.1. بارودۆخی کۆمەڵایەتی

#### 1.1.1. نائارامی، ئاوارەیی، و دابەشبوون (پەرەوازەبوون)

لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دواییدا، کۆمەڵگەی عیراق گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. رژێمی دیکتاتۆری صدام حسین پەیکەربەندییەکی زۆر مەرکەزیی هەبوو کە بە سەرکوتکردن لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە کۆنترۆڵی خەڵکەکەی کردبوو. لە دوای 2003، ئەو نائارامیەی دوای روخانی رژێم هاتە ئاراوە دابەشبوونی دروستکرد و و عیراقییەکان پەنایان بردە ناو کۆمەڵگەکانی گرووپەکانیان یان پەنایان بردە بەر میلیشیای جۆراوجۆر.
ئەمە هەروەها بووە مایەی ئاوارەبوونی بەشێکی گەورەی دانیشتوان، بە مەزەندەی نووسینگەی هەماهەنگی بۆ کاروباری مرۆیی–سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان 4.2 ملیۆن عیراقی ئاوارە بوون، ئەمانە نزیکەی 2.4 ملیۆنیان لەناوخۆی عیراق ئاوارە بوون. لەمانە، 1.3 ملیۆن لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2005 ەوە ئاوارە بوون. بەشداری ئەمانە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بە تایبەت ئەوانەی لە سنووری پارێزگاکانیان دەرچوون، زۆر پڕبایەخە، بەڵام گەیشتن بەمانە کارێکی زۆر زەحمەتە.
باشتربوونی رەوشی ئاسایش لەم ماوەیەی دواییدا رەنگە، تا رادەیەك– کۆتوبەند لەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەم بکاتەوە، هەروەها لەسەر چالاکییەکانی هەڵبژاردن، و بەشداریی خەڵك.

#### 1.1.2. نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و کەمیی متمانە بە دەزگا دیموکراسییەکان

ئەو رەوشە ئابوورییە زەحمەتەی بە هۆی پێکدادانەوە دروست بووە، کە نەبوونی وزە و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان ئەوەندەی تر سەختی کردووە، تا رادەیەك بەشدارە لەو بۆچوونەوەی کە پێی وایە حکومەت نەیتوانیوە پێویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵك جێبەجێ بکات. ئەگەرچی لە ساڵی 2003 ەوە ئابووری عیراق بەرز بۆتەوە، بەڵام ژمارەی هەژاران و بێکاری لەم ماوەیەدا بەرزتر بۆتەوە، دانیشتوانی شارە گەورەکانی وەك بەغداد، بەسرە، و موسڵ هێشتا بە دەست نەبوونی کارەباوە (زۆربەی کاتی رۆژ) دەناڵێنن. نەبوونی خزمەتگوزاری (هەر لە ئاسایشەوە تا دەگاتە تەندروستی، خوێندن، و وزە) و گەندەڵی هێندەی تر گومان و بێ متمانەیی لە نێو زۆر هاوڵاتی دا چاندووە.لە ئەنجام دا، متمانەی جەماوەر بە حکومەت و دەزگا دیموکراسییەکان وەك خۆی هەر بە لاوازی ماوەتەوە. ئەمە زۆر عیراقی هانداوە بە گوێرەی ئینتیمای ئیسنی و تایەفەییان دەنگ بدەن. هەروەها رەنگە وایان لێ بکات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگ نەدەن.

#### 1.1.3. لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی

لەم بارودۆخانەدا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە عیراق هەر بە لاوازی ماوەتەوە و ناتوانێت پشتگیری و دۆز بۆ کارەکانی حکومەت پەیدا بکات، و بەشداری بکات لە پرسازی (تعبئە)ی جەماوەریی دا. زۆربەی رێکخراوە ناحکومییەکان بچووکن و هەوڵ دەدەن توانای دارایی و هەبوونیان بنیات بنێن. هەندێکی کەمیان کە هێشتا ماویانە گەشە بکەن تەبەننی دۆز دەکەن بۆ کاردانەوەی حکومەت، و چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکەن.

لە کاتێك دا وا چاوەڕوان دەکرێت هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە چارەکی کۆتایی 2008 دا ئەنجام بدرێت، زۆر گرنگە شێوازی کارا و کاریگەر داببن بکرێت بۆ دروستکردنی هاوکاری لە نێوان کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دا، بۆ ئەوەی بتوانن جێگرەوە (بەدیل)ێکی دیموکرات بن بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن کە لە سنوورەکانی تایەفەگەری تێبپەڕێنێت و کاری پێناکانت.

لە درێژ–خایەنیدا، هەمیشە سیستمی ڕۆشنبیریی کلیلێکی سەرەکییە بۆ کۆششەکانی ڕۆشنبیریی مەدەنی کە ڕێخۆشکەرە بۆ بنیاتنانی هاولاَتیانی چالاك و خاوەن مەعریفەی بواری هەڵبژاردن بەلاَم گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن، نەوەك تەنها وەك لایەنێکی بواری مەدەنی، بەڵکو هەروەها وەك فێرکار، بە تایبەتی لە کورتخایەنی دا چونکە هێشتا کار لەسەر دامەزراندنەوەی سیستمی پەروەردە دەکرێت. بەم شێوەیە پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پتەو بکرێن و گەشەیان پێبدرێت بۆ یارمەتیدان لە بنیاتنانی چەمکی (هاولاَتیبوون) کە دەبێتە مایەی ئەوەی عیراقییەکان، بە بیٚ ڕەچاوکردنی پاشینەی ئیسنی، بڕوایان بە بەشداریکردن هەبێت و پاشەڕۆژێکیان هەبێت لە عیراقێکی یەکگرتووی دیموکرات دا.

## 1.2. بارودۆخی سیاسی

لە کانونی دووەمی 2005 دا، عیراقییەکان یەکەمین هەڵبژاردنی نیشتمانییان ساز کرد بۆ دامەزراندنی (ئەنجومەنی نیشتمانیی ئینتقالی). ڕۆژەکە بە ترس و لەرز لە زەبروزەنگی یاخیبووان و تیرۆریستان دەستی پێکرد. لای نیوەڕۆ کە عیراقییەکان بینیان زەبروزەنگەکە هێندە زۆر نەبوو وەك ئەوەی چاوەڕوانیان دەکرد، زۆر خێزان خۆیان گەیاندە بنکەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە ژیانیان دا بۆ حکومەتێکی نوێنەرایەتی دەنگ بدەن. ئەنجامەکان بەشداریی کارای هاوپەیمانێتی کوردستان و ئیئتلافی یەکگرتووی عیراقیان پیشان دا، بەلاَم ئاستی بەشداریکردن لە شارەکانی وەك ئەنبار و نەینەوا لاواز بوو. لە کۆی 111 پارت و هاوپەیمانێتی کە لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کرد، 12 پارت و هاوپەیمانێتی کورسییان بردەوە، لە ناویان دا ئیئتلافی یەکگرتوی عیراق 150 کورسی بردەوە، هاوپەیمانێتی کوردستان 75 کورسی، و لیسای عیراقییە 40 کورسی، و عیراقییون پێنج کورسی.

دوای هاوینێکی پڕ لە دانیستنی چڕوپڕ بۆ نووسینی ڕەشنووسی دەستور، لە 15 ی ئۆکتۆبەری 2005 دا عیراقییەمکان ڕەشنووسی دەستوورەکەیان پەسەند کرد. ئەنجامە فەرمییەکان بریتی بوو لە ڕەزامەندی 9852291 عیراقی، یان 63 دەرسەدی دەنگدەرە تۆمارکراوەکان، لە ریفراندۆمێك دا کە هیچ ڕووداوێکی سەخت یان ساختەی تێدا ڕووی نەدا.
ئەنجامەکان زۆر بە توندی وابەستە بوون بە ئینتیمنای ئیسنی و تایەفەگەرییەوە، سیٚ شار ئەنبار، سەلاحەددین، و نەینەوا، کە ڕەفزی دەستوورەکەیان کرد، دوانیان بە ڕێژەی دوو–سیٚ. بە گوێرەی یاسای ئیدارەی ئینتقالی، ئەگەر دو–سێی سیٚ پارێزگا دەنگ لە دژی دەستورەکە بدەن، ئەوسا شکست دەهێنێت.

لە 15 ی دیسەمبەری 2005 دا بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دا بەرچاو بوو و بەشداری ژمارەیەکی زۆر پارتی سیاسی بەخۆیەوە بینی. بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکەی 2005ەوە ئەو پارتانەی لە شارەکانی ناوەڕاست دا باڵزالٚ بوون بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد. ئەگەرچی زۆربەی دەنگدەران بە گوێرەی ئینتیمای تایفەیی دەنگیان دا، دیمەنە سیاسییەکە زۆر دانیامیکی بوو، 6655 پاڵێوراو لە 307 پارتی سیاسی و 19 هاوپەیمانێتییەوە کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی عیراقییان دەکرد (هەموو تایەفە، ئایین، و ئیسنەکان) بەشدارییان کرد. ئەگەرچی براوەی سەرەکی ئیئتلافی یەکگرتووی عیراقی بوو، بەلاَم نەیتوانی زۆرینەی ڕەها (الاغلبية المطلقة) بەدەست بهێنێت (138 لە 275 کورسی)، هاوپەیمانی کوردستان 53 کورسی بردەوە، بەرەی تەوافقی عیراقی 55 کورسیی بردەوە. لیستی عیراقییە 25 کورسی بردەوە.

ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە، بە بەشدارییەکی سنوورداری هەندێك گرووپی کۆمەلاَیەتی و سیاسی، بابەتەکانی نوێنەرایەتیکردنی هێنایە ئاراوە، بە تایبەتی لە هەندێك ئەنجومەنی پارێزگای هەڵبژێردراو لە کانونی دووەمی 2005 دا. بەشداری ئەم گرووپانە، کە پێشتر بەشدار نەبوون، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا زۆر پڕبایەخە. ئەمانە جەماوەری سەرەکی دەبن لە هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا.

لە گەشەسەندنديكى دڵخۆشكەرانەدا، زۆر لايەنى سياسى كە ئامادەنەبوون لە هەڵبژاردنەكانى يەكەم دا بەشدارى بكەن، ئيستا ئامادەن، راستەوخۆ بيت يان ناڕاستەوخۆ، لە كيبڕكيكانى داهاتوودا بەشدارى.

### 1.3. هەڵبژاردنەكانى2005: هەنديك لەو وانانە فيريان بووين لە بوارى گەيشتن بە جەماوەر

زۆر لەو چالاكييانەى لە بوارى گەيشتن بە جەماوەر بۆ كاروبارى هەڵبژاردن لە 2005 دا ئەنجام دران، وەك پيويست لە بايەخى كاريگەرى پياوانى ئايينى و رابەرانى بيروبۆچوونى تەقليدييان رەچاو نەكرد. راپرسييەك كە لە لايەن ريكخراوى پەيمانگەى نيودەوڵەتيى كۆمارى ( IRI)ەوە ئەنجام دراوە پيشنيارى ئەوەى كردووە كە (بە گويرەى راپۆرتيكى USAID، راپۆرتى دوايين سەبارەت بە پيداچوونەوەى پرۆسەى سياسى، كانونى يەكەمى 2005) "خەڵكيكى كەم وەك لەوەى چاوەڕوان دەكرا لە لايەن پرۆسەى رۆشنبيركردنى دەنگدەرانەوە كاريان تيكراوە. ئەمە بە تايبەتى بۆ شارەكانى باشوور و ئەو شارانەى كە سوننەكان بايكۆتى دەنگدانيان كرد، راستن. لەو شوينانەى بەشداريكردنى دەنگدەران لە ئاستيكى بەرزدا بووە، زياتر لەژير كاريگەرى رابەرانى ئاينييەوە بووە وەك لە تيگەيشتن لە بەها ديمۆكراتييەكان و بابەتە سياسييەكانى پرۆسەى هەڵبژاردن و دەستور."

كاريگەرى بڵاوكردنەوەى بەربڵاوى چاپەمەنى لەسەر رۆشنبيريى دەنگدەران "لەسەر سەرهەڵدانى تاوتوێ و مشتومڕى جەماوەرى" بەرتەسك بووە و نەيتوانيوە قورستر بيت لە كاريگەرى پياوانى ئايينى و رابەرانى تەقليدى، بەڵكو بە پيچەوانەوە.

هەمان راپرسى سەرنجى لەوە داوە كە گەياندنى تەكنيكەكانى دەنگدان بە جەماوەر هەموو جاريك سەركەوتوو نەبووە. شانديكى نيودەوڵەتيى بۆ چاوديرى، IMIE، سەرنجى لەوە داوە كە جەختكردنەوە لە پەيامى سادە، بەڵام پراكتيكى، وەك چۆنيەتى نيشانەكردنى كاغەزى دەنگدان و شوينى دەنگدان، شيوازى راست و دروست بوون.

لە نەبوونى پيداچوونەوەيەكى گشتگيرى ئەو وانانەى فيرى بووين، ئەو نيشاندەرە كەمانە ئاماژە بەم ئاستەنگانەى خوارەوە دەدەن، كە پيويستە لە كۆششەكانى گەيشتن بە جەماوەر دا رەچاويان بكەين:

- پيويستە لە ريى چالاكيى جەماوەريى راستەوخۆوە بە (شيوازى بەشدارپيكردن)، بەشداريى بە جەماوەرەكە بكريت، كە تييدا باسى بەها ديمۆكراسييەكان و چەمكە سەرەكييەكانى بەشسداريى مەدەنى بكات.
- پيويستە لايەنەكانى گەيشتن بە جەماوەر بە بەشدارى لايەنە كاريگەرەكان بيت، هەر لە ئاستى نيشتمانييەوە تا دەگاتە ئاستە ناوچەييەكان: دەنگى ئەمانە باشتر دەبيستريت لەكۆمەڵگەكانياندا، بە تايبەتى لەناو ئەو دەنگدەرانە دا كە لە هەڵبژاردنەكانى2005 دا بەشدارييەكى چڕيان نەكرد.
- كاتيك كۆبوونەوە لەگەڵ جەماوەرە گشتييەكەى دەنگدەران دەكريت پيويستە پيشەنگيتى بە پەيامى سادە بەڵام پراكتيكى بدريت. ئەمە بە تايبەتى بۆ ئەو حاڵەتانە دروستە كە كات (وەقت) لە نيوان دامەزراندنى (داڕشتنى) چوارچيوە ياساييەكەى ئەو هەڵبژاردنانە و هەڵبژاردنەكان دا كەمە (رەنگە لە هەڵبژاردنەكەى2008 يش هەر وابيت).

## 2. سووڕی هەڵبژاردنی2008–2009

### 2.1. سووڕی پێشووی هەڵبژاردن

لە 2005 دا، عیراق سێ هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینی کە لە لایەن کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەوە رێك خرابوو، کە لە 2004 دا ئەرکی ئەنجامدانی چالاکییەکانی هەڵبژاردنەکانی ماوەی ئینتقالیی پێسپێردرابوو لە 30 ی کانونی دووەمی 2005 دا، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاسادانان دا خەڵکی عیراق نوێنەرانی ئینتقالییان بۆ ئەو ئەنجومەنە نوێیە (275 نوێنەری بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق دیاری کرد) هەڵبژارد. رۆڵی ئەنجومەنە نیشتمانییە تازە هەڵبژێردراوەکە بریتی بوو لە نووسینی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عیراق و ئەنجامدانی ئەرکەکانی یاسادانان تا ئەو کاتەی کار بە دەستورە نوێیەکە دەکرێت.هەژدە ئەنجومەنی پارێزگا و 111 ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمایەتی کوردستانیش هەڵدەبژێردران. لە 15 ی تشرینی یەکەم دا، ریفراندۆمێك ساز کرا و خەڵکی عیراق دەنگی بۆ پەسەنکردنی دەستورەکە دا. بە گوێرەی سازشێك کە پێش ریفراندۆمەکە ساز کرا بوو، رەزامەندی لەسەر ئەوە درابوو کە یەکەمین پەرلەمانێك کە لە ژێر سایەی دەستوری نوێدا هەڵدەبژێردرێت لیژنەیەك بۆ پێدچوونەوەی دەستور پێك دەهێنێت بۆ سەیرکردنی ئەوەی ئاخۆ پێویستە پێداچوونەوەی دەستور بکرێت یان نا. رەزامەندی لەسەر هەر دەسکارییەك بدرێت ئەوسا پێویستە لە ریفراندۆمێکی هاوشێوەدا پەسەند بکرێت بە هەمان شێوەی ئەو ریفراندۆمەی یەکەمجار پەسەندی کرد.

دوای پەسەندکردنی دەستور، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2005 دا هەڵبژاردنێکی گشتی بۆ هەڵبژاردنی 275 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ساز کرا، سیستەمی هەڵبژاردن لیستی داخراو بوو، کە تێیدا دەنگدەران لەناو ریزی لیستی پارت و هاوپەیمانێتییەکان دا دەنگ بە یەکێك لە لیستەکان دەدەن ، و ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەك بە گوێرەی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی (التمثیل النسبي) دابەش دەکرێت و لە ئاستی نیشتمانی دا 45 کورسی هەڵدەبژێردرێت.

### 2.2. دەزگایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن: کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان

لە23 ی کانونی دووەمی2007 دا، ئەنجومەنی نوێنەران (یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان)ی پەسەند کرد کە بەم شێوەیە کۆمیسیۆنی سەربەخۆ بوو بە قەوارەیەکی هەمیشەیی.کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان دەزگایەکی سەربەخۆیە ئەرکی ئەنجامدانی چالاکییەکانی هەڵبژاردنی پێسپێردراوە.

#### 2.2.1. ئەرکی یاسایی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لەژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی نوێنەران دا، تاکە دەزگایەکە کە دەسەڵاتی راگەیاندن و رێکخستن و جێبەجێکردن و سەرپەرشتی هەموو چالاکییەکانی هەڵبژاردنی هەیە، بە پرۆسەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران، هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، و ریفراندۆمیشەوە.

کۆمیسیۆن بۆی هەیە ئەم ئەرکانی خوارەوە راپەڕێنێت:

- سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی هەموو هەڵبژاردنە فیدراڵی و هەرێمایەتییەکان، و ریفراندۆم لەو پارێزگایانەی هەرێمێکیان پێك نەهێناوە. ئەمە پرۆسەکانی ژماردنی دەنگەکانیش دەگرێتەوە، هەروەها تۆمار و متمانەدان بە دوایین ئەنجامەکان بێجگە لە ئەنجامەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە پەسەند دەکرێت.

- هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دەزگا هەرێمایەتییەکانی هەڵبژاردن، بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە هەرێمایەتی و ناوچەییەکان، و ریفراندۆم لەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا کۆبوونەتەوە.

- کۆکردنەوە و هەڵگرتن و بڵاوکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنەکان یان ریفراندۆمەکان بە هاوکاری لەگەڵ نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و هەرێمەکان.

- رێکخستنی تۆمارکردن و پەسەندکردنی قەوارە سیاسییەکان و پاڵێوراوان بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان دا.

- رێکخستن و پەسەندکردنی چاودێرانی هەڵبژاردن، نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان و نوێنەرانی میدیاکان (لە بنکەکانی دەنگداندان دا)

- رێکخستن و تێڕوانین لە سکاڵاکانی بواری هەڵبژاردنەکان و تێهەڵچوونەوە.

### 2.2.2. پەیکەربەندی (هیکلیە) ی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان:

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان پێك دێت لە (ئەنجومەن)ی کۆمیسیۆنەرەکان و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن. بۆردی کۆمیسیۆنەرەکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەشت کۆمیسیۆنەری هەمیشەیی و یەك بەرپرسی هەڵبژاردن پێك دێت، کە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاری دەکرێن، پێویستە کۆمیسیۆنەرەکان لە بواری هەڵبژاردن دا پسپۆڕ بن و بە شایستەیی، دەسپاکی، و سەربەخۆیی ناسرابن. دووان لە کۆمیسیۆنەرەکان ئافرەتن. یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن هەروەها ئەوەی دیاری کردووە کە پێویستە دوو لە کۆمیسیۆنەرەکان یاساناس (پارێزەر) بن. بەرپرسی هەڵبژاردن لە کۆمیسیۆن سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی کۆمیسیۆن دەکات و ئەندامە لە بۆردی کۆمیسیۆنەران دا بەڵام دەنگدانی بۆ نییە.

بەڕێوەبەرایەتی کۆمیسیۆن لە 19 نووسینگە پێك دێت لە پارێزگاکان دا (دوانیان لە بەغدادن) نووسینگەیەکی هەرێمایەتی لە هەرێمی کوردستان و نووسینگەی نیشتمانی لە بەغداد. نووسینگەی پارێزگاکان لە لایەن بەڕێوەبەری نووسینگەی هەڵبژاردنی سەر بە پارێزگا سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەمان لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاری دەکرێن و لە لایەن بۆردی کۆمیسۆینەرانی کۆمیسیۆنەوە دادەمەزرێن. نووسینگەکانی پارێزگاکان بۆ هەڵبژاردن بەرپرسیارن لە راپەڕاندنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری وڵات دا، کە پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگەرانیش دەگرێتەوە، هەروەها پرۆسەی دەنگدان و ژماردنی دەنگەکان.

### 2.2.3. فەرمانگەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان

فەرمانگەی پەیوەندییبەستن بە جەماوەر بەرپرسیارە لە داڕشتن و هەماهەنگی پرۆسەی رۆشنبیریی دەنگدەران و چالاکییە جەماوەرییەکانی گەیاندنی زانیاری بە مەبەستی دابینکردنی زانیاری بۆ هاوڵاتیانی عیراق لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریکردن.

بەم شێوەیە، یەکە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ سێ جۆری سەرەکیی جەماوەر مامەڵە دەکەن:

- یەکەی قەوارە سیاسییەکان: پاڵێوراوان، پارتە سیاسییەکان.

- یەکەی پەیوەندییە دەرەکییەکان: چاودێران، نوێنەرانی حکومی و دەزگاکان، میدیا و دەزگا ئایینیەکان

- یەکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن: رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەنگدەران.

- بەشی پەیوەندیبەستنی جەماوەر لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆ سەرچاوەی زانیاری فەرمییە لەسەر هەڵبژاردن و تەوەرێکی بنەڕەتییە بۆ جەختکردنەوە لە هەماهەنگی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لەگەڵ کۆششە بەرفراوانەی پەیوەندیبەستن لەگەڵ جەماوەر.

## 2.3. چوارچێوەی یاسایی

خشتەی کاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هێشتا بە تەواوەتی دیاری نەکراوە، چونکە هێشتا چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان یان ریفرندۆمەکان تەواو نەبووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، یاسای ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێك دا رێك نەخراون لە شوباتی 2008 دا رێگەی بۆ تاوتوێی رەشنووسی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان، ناحیە و قەزاکان، خۆش کرد. هەر کە ئەم یاسای هەڵبژاردنە، کە تا کۆتایی حوزەیرانیش هەر تاوتوێی دەکرا، پەسەند بکرێت ئەوسا دەتوانرێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت.

چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان رێساکانی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات. بۆ ئەم هەڵبژاردنانە، سێ شێوازی سەرەکیی هەڵبژاردن رەزامەندی لەسەر دەدرێت:

- سیستمی هەڵبژاردن: شێوازی هەڵبژاردن (زۆرینە یان رێژەیێتی)، بنچیینەکانی نوێنەرایەتیکردن (بازنەی هەڵبژاردن، پارێزگا یان هەرێم) و شێوازی دەنگدان (لیستی داخراو یان کراوە)؟

- شایستەیی دەنگدەران و کێبڕکێکارەکان، هەروەها مەرجەکانی نیشتەجێبوون (ئیقامە) و کاروباری ئاوارەکانیش.

- میکانیزمێك بۆ جەختکردنەوە لە نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان و کەمینەکان: کورسی دەستنیشانکراو بۆ ئافرەتان و کەمینەکان.

## 2.4. ریزبەندی (زنجیرەی) هەڵبژاردن

### 2.4.1. پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو

- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

ئەمە هەڵبژاردنی داهاتووە، پشت دەبەستێت بە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن. وا پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی 2008 دا ئەنجام بدرێت.

- ریفراندۆم لەسەر پێداچوونەوەی دەستور

پرۆسەی پێداچوونەوەی دەستور وا چاوەڕوان دەکرا لە کۆتایی حوزەیرانی2008 دا تەواو ببێت، ئەگەرچی وا پێشبینی دەکرێت کە بۆ دواتر درێژ بکرێتەوە. پێویستە ئەو سەرەنجامانەی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور دەریدەبڕن بخرێتە پێش ئەنجومەنی نوێنەران. تەنها دوای بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران ریفراندۆم لەسەر دەستور ئەنجام دەدرێت.

- ریفراندۆم لەسەر ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە

دوایین مێژوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، بەو شێوەیەی کە لە دەستور دا دیاری کرابوو، بۆ حوزەیرانی 2008 درێژکرایەوە، پێدەچێت جارێکی تریش درێژبکرێتەوە کە هێشتا دانوستان لەسەری بەردەوامە.

- ریفراندۆمی هەرێمایەتی

بڕیار لەسەر هەڵپەساردن (دواخستن)ی ریفراندۆم بۆ هەرێمەکان درا، تا نیسانی2008.بەڵام تا ئێستا ریفراندۆمێکی لەو جۆرە دانەڕێژراوە.

- نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران

پێش ئەوەی بتوانرێت هەڵبژاردنێك یان ریفراندۆمێك ئەنجام بدرێت، نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کارێکی پێویستە. کۆمیسیۆنی سەربەخۆ زانیارییەکانی بنکەی داتای وەزارەتی بازرگانی (تایبەت بە کۆبۆنی خۆراك) و ئاوارەی ناوخۆ (وەزارەتی پەنابەر و کۆچ) بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی لیستی دەنگدەرانی کاتیی کە وا پێشبینی دەکرێت 90٪ی عیراقییەکان لەخۆ بگرێت. دوای ئەوە، دەست بە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دەکرێت و دەسکاری دەکرێت و راست دەکرێتەوە. دوایین لیستی دەنگدەران بەم شێوەیە ئامادە دەکرێت، و لە رۆژی دەنگدان دا بەکاردەهێنرێت.

پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن (NEEP) بە گوێرەی ئەگەری خشتەکانی هەڵبژاردن داڕێژراوە و رێکخراوە، وەك لە سەرەوە باسکرا.

### 2.4.2. قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان

ئەمانەی خوارەوە بریتین لە قۆناغە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بە جەختکردنەوە لە کۆششەکانی گەیشتن بە جەماوەر.

- نوێکردنەوەی لیستی دەنگدەران

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان لە 15 تەمووزی 2008 ەوە تا 15 ئابی 2008 تۆماری دەنگدەران نوێ دەکاتەوە. نوێکردنەوەی لیستی دەنگدەران پرۆسەیەکە کە تێیدا لیستی ناوی دەنگدەران بۆ تاکەکەس و خێزانەکان ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی ئەمان جەخت لە راستی و دروستی ناوەکانیان و تۆمارەکانیان لەو شوێنانەی دەنگی لێ دەدەن، بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێکردنەوەی لیستی دەنگدەران، کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان بەرپرس و کارمەندانی دامەزراندووە.

هانی هەموو هاوڵاتییان دەدرێت کە بچن و جەخت لە راستی و دروستی ناوەکانیان و تۆمارەکانیان بکەنەوە، زۆر گرنگە ئاوارەکان بچن سەردانی ئەو بنکانە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان دا بکەن. ئاوارەی ناوخۆ و ئەو کەسانەی یەکەم

جاریانە دەنگ بدەن ئامانجی یەکەمینن لە پرۆسەی گەیاندنی زانیاری دا لەسەر بابەتی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

- ماوەی دەستنیشانکردنی پاڵێوراو (کاندید)

دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان بریتییە لە پرۆسەیەکی فەرمی کە تێیدا پارتە سیاسییەکان و/یان تاکەکەسەکان پاڵێوراوەکان دەبەنە پێشەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنیان، و پەسەندکردنی ئەو کەسانە وەك پاڵێوراو لە لایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەوە. لە دووتوێی یاسای ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێك دا رێك نەخراون پێوەر (ستاندارد)ەکانی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنە ناوچەییەکان دارێژراون، بەڵام مەرجی تریش هەن و هەروەها هەندێك رێوشوێن لە لایەن یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی باڵاوە دیاری کراوە.
ئەگەرچی ئەو زانیارییانەی ئێستا لەبەردەستن تایبەتن بەو کەسانەی کە رەنگە خۆیان بپاڵێون، واتە پارتە سیاسیەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و رابەرانی بیروبۆچوون، بەڵام پێویستە ئەمە بگاتە بەردەستی هەموو ئەو هاوڵاتیانەش کە رەنگە ئەو مەرجانەیان تێدا بێت و رەنگە ئارەزوویان لە خۆ پاڵاوتن بێت. بە گشتیی پێویستە زانیاری بۆ هاوڵاتیان دابین بکرێت لەسەر رێوشوێنەکانی دەستنیشانکردنی پاڵێوراو.

- ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەنگدان

یاساکە و رێساکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن ماوەیەك دیاری دەکەن بۆ ئەوەی پاڵێوراوان تێیدا هەڵمەتی فەرمی بۆ بەدەستهێنانی دەنگ ساز بکەن. هەندێك رێسای تایبەتی لەو بارەیەوە هەیە و پێویستە پارتە سیاسییەکان و، پاڵێوراوان، و میدیا پابەند بن پێیانەوە. ئەمە بوارەکانی هەڵمەتەکە و تا دەگاتە رۆژی دەنگدان دەگرێتەوە.
پێویستە هەندێك زانیاری تایبەتی لەو بارەیەوە بە جەماوەر بگەیەنرێت، سەرەتا بابەتی پەیوەست بە رێساکانی ماوەی هەڵمەتەکە. سەرەڕای ئەمەش، لە گۆشە نیگای دەست گەیشتن بە جەماوەرەوە، پێویستە پێشەنگێتی بۆ زانیاری گشتیی دەنگدەران سەبارەت بە بایەخی هەڵبژاردنەکان و شێوازی پراکتیکیی دەنگدان بێت.

- پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان و ئەنجامەکان

ژماردنی دەنگەکان یەکێکە لە پڕبایەخترین قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن. شکست هێنان لە پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان دا و شکست هێنان لە گواستنەوەی دەنگەکان بە خێرایی، بە شەفافییەت، و بە وردیی دەبێتە مایەی لەقکردنی متمانەی جەماوەر بە هەڵبژاردنەکان و راستەوخۆ کار دەکاتە سەر ئەوەی ئاخۆ پاڵێوراوان و پارتە سیاسییەکان بە دوایین ئەنجامەکان رازی دەبن یان نا.

پێویستە رێساکانی ژماردنی دەنگەکان روون بن، پێشوەخت زانراو بن، و هەموو لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردنەکان بە باشی لێیان تێگەیشتبن، بە جەماوەریشەوە. ماوەی ژماردنەکە پێویستە بە جەماوەر راگەیاندرا بێت و بە شێوەیەکی شەفاف باسی بکرێت و پیشان بدرێت و شێوازە تەکنیکیەکان روون کرابێتنەوە و گەرەنتییەکان دابین کرابن، سەرەڕای پەسەندکردنی ئەنجامەکان بە شێوەیەکی دیمۆکراسی.

### 2.5. ئاستەنگەکانی داهاتوو

وەك كۆمیسیۆنێكی نوێی هەڵبژاردن، كۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەكان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە لە بواری ڕێكخستنی هەڵبژاردنەكان دا. ئەمانەی خوارەوە هەندێكیانن:

- ڕێژەیەكی ئێجگار زۆر ئاوارەی ناوخۆ: (لە هەڵبژاردنی 2005 ەوە تا ئێستا 1.3 ملێۆن كەسی تر ئاوارە بوون) كە پێویستە ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ پرۆسەی دەنگدانیان بگیرێتە بەر.
- ئەو سنوورانەی ناكۆكییان لەسەرە: ناكۆكی لەسەر سنووری ناحیە و هەندێك جاریش پارێزگا كاریگەری دەبێت لەسەر سیستمی هەڵبژاردنەكان.
- دواخستنی پەسەندكردنی یاسای هەڵبژاردن ڕەنگە كاتێكی كەم بهێڵێتەوە بۆ جێبەجێكردنی كاروباری هەڵبژاردنەكان.
- مشتومڕ لەسەر گۆڕینی **سیستمی هەڵبژاردن** لە لیستی داخراوەوە بۆ سیستمی لیستی كراوە، هەروەها ناكۆكی لەسەر شێوازی هەڵبژاردن، ڕەنگە بە شێوەیەك نەبێت كە هەموو پارتە سیاسییەكان پێی ڕازی بن.

پێویستە لە دووتوێی پەیامەكانی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا تاوتوێی ئەم ئاستەنگە سەرەكییانە بكرێت.

## 3. پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن

### 3.1 ئامانجەکان

پرۆژەی هەلمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن هەوڵ دەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتیی و تاوتوێی هەموو بوارەکانی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە رێی پشتگیری ئەو دەستپێشخەرییانەی لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنی عیراقیەوە داڕێژراون، بە هاوکاری کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان، بۆ ئەوەی دەنگدەران باشتر ئامادە بکرێن و کاراتر بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. وەك لە هەموو شوێنێکی جیهان سەلمێنراوە، بەشداریی لایەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرنامەکانی رۆشنبیریی مەدەنی لە بواری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دا، بە هاوکاتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان، بابەتێکی زۆر پڕبایەخە بۆ ئەو جۆرە بەرنامەیە.

### 3.2 چوارچێوە

بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە هەموو چالاکی و بۆنەکان بە گوێرەی پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن و بە تەبایی لەگەڵ ستراتیجە گشتییەکەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان ( IHEC) ئەنجام دەدرێت، کۆمیسیۆن لە هەموو ئاستەکانی پرۆژەکەدا بەشداری دەکات. پرۆژەکە دەزگا (دەستە)ی هاوبەشی دامەزراندووە بۆ پلاندانان و هەماهەنگی لە نێوان کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵا و کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ئاستی ناوەندی و ناوچەییشدا.

کۆڕبەندی رۆشنبیریی هەڵبژاردن (EEF)، لە 23 ئەندام پێك دێت، 4 کەس لەمانە سەر بە کۆمیسیۆنی باڵان و 19 کەسیان لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، میدیا، و کەسانی ئەکادیمی و یەکێتییەکان (اتحادات). کۆڕبەندییەکە لیژنەیەکی هەماهەنگی لە 5 کەس پێکهێناوە کە بریتین لە لیژنەی جێبەجێکار. کۆڕبەندییەکە بەرپرسیارە لە دابینکردنی رێنمایی ستراتیجی و تەکنیکی بۆ ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە رۆشنبیریی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن، بە گوێرەی یاساکانی هەڵبژاردن، رێساکان و رێوشوێنەکان، و بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان کۆمیسیۆنی باڵا و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا.

لیژنەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردنی سەر بە پارێزگاکان کە بە هەمان شێوە ئەندامی هاوبەشیان هەیە لە کۆمیسیۆنی باڵا و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆ هەماهەنگی چالاکییەکانی گەیشتن بە جەماوەر بۆ هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی لە بواری پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەکانی دا.

سکرتارییەت پشتگیریی کۆڕبەندییەکە و لیژنەکانی پارێزگاکان دەکات لە بواری رێکخستنی کۆبوونەوە، نووسینی راپۆرت، مەشق، و بانگەشە بۆ کۆڕبەندییەکە و پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن.سکرتاریەت هەروەها یارمەتی تەکنیکی بۆ ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دابین دەکات کە لە رێی پرۆژەی هەلمەتی رۆشنبیریی هنەڵبژاردن ( EECP)ەوە تەمویل دەکرێن.

بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە پێکەوە لەگەڵ کۆمیسیۆنی سەوربەخۆی باڵادا، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژە (UNOPS) لە رێی پرۆسەیەکی کێبڕکێیەوە 75 رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵبژاردووە و بۆ ئەم مەبەستە تەمویلیان دەکات. رێکخراوی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە سەرچاوەی ترەوە تەمویل دەکرێن، لە ئاستی ناوچەیی دا پێشوازییان لێ دەکرێت بۆ کاری هاوبەش لە جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە.

ئامرازی سەرەکی کە کۆڕبەندییەکە دایڕشتبێت بۆ بەدیهێنانی ئەم رێنماییە ستراتیجییە بریتییە لە (پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن)، کە بە تێروتەسەلی باسی بابەت و پەیامە سەرەکییەکانی بواری هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن

دەکات و ئەو جەماوەرەی جێی ئامانجە دەستنیشان دەکات، هەروەها شێوازەکان و کەرەسە بەکارهێنراوەکان دەستنیشان دەکات. (پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن) چوارچێوەیەکی ستراتیجییە بۆ هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن. کۆڕبەندییەکە راوێژ پێشکەشی هەڵمەتەکە دەکات، کاریگەرەکە هەڵدەسەنگێنێت و پێداچوونەوەی (پلانی نیشتمانیی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن) دەکات بۆ بەرەوپێشچوون شانبەشانی ئەو گۆڕانکارییانەی لە چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردن دا روودەدات.

## 3.3 پلانی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن پێشنگێتی بۆ جەماوەرەکەیە

لەسەر زەوی، هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن (EEC) بەم شێوەیە پیادە دەکرێت:

- پرۆژەکانی رۆشنبیریی مەدەنی بۆ جەماوەرەکە. رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عیراق، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، چەندین پرۆژەی رۆشنبیریی مەدەنی بۆ جەماوەرەکە (خەڵکە گشتییەکە) ساز دەکەن بە گوێرەی (پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن). ئەم پرۆژانە لە هەر هەموو 19 پارێزگاکان دا جێبەجێ دەکرێت، پێشەنگێتی بۆ تەمویلکردنی ئەو چالاکییانەیە کە بە شێوەی راستەوخۆ پێشکەشی جەماوەرەکە دەکرێت و تێیدا هاوڵاتیان و ئەوانەی شایستەی دەنگدانن بەشداری دەکەن، ئەم کۆبوونەوانە بە شێوازی بەشدارییپێکردن ئەنجام دەدرێن.
- دانیشتن لەگەڵ رابەرانی بیروبۆچوون (قادە الرأی): ئەم کۆبوونەوانە تایبەتن بە رابەرانی بیروبۆچوون، وەك ئەندامانی ئەنجومەن، پیاوانی ئایینی، سەرۆك هۆز، ریشسپی، ئافرەت و لاوانی چالاکەوان، رابەرانی سیاسی، پسپۆڕان، تاد. لە لایەن لیژنەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە ئەنجام دەدرێن و جەخت دەخرێتە سەر پرۆسە و رێوشوێنەکانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی ئەم رابەرانە زانیاری تەواویان پێبگات و بەسەر جەماوەرەکانیان و کۆمەڵگەکانیان دا دابەشی بکەن.

## 3.4 هەڵمەتێکی هەمەلایەن و هەماهەنگ

پلانی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بەشدار و تەواوکەرە بۆ ستراتیجی گەیشتن بە جەماوەر و پلانی کاری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

### 3.4.1 تێڕوانینێکی گشتی لە ستراتیجی پەیوەندیبەستن بە جەماوەرەوە-لە لایەن کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە

بەش (فەرمانگە)ی گەیاندنی سەر بە کۆمیسیۆنی باڵا چوار ئامرازی سەرەکی بەکاردەهێنێت بۆ دابەشکردنی زانیاری بەسەر جەماوەر دا:

- ماس میدیا (هۆیەکانی راگەیاندن)

(فەرمانگەی گەیاندن بە جەماوەر) تەمویلی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی ریکلام لە تەلەفیزیۆن و رادیۆکان دا دەکات، هەروەها بەرنامەی تریش، سەرەڕای دابەزاندنی ریکلام و بابەت لە چاپەمکەنییەکان دا.

- بنکەی گەیاند/ ویبسایت

بنکەیەکی گەیاندن (اتصالات) ژمارەی تەلەفۆنی بە-خۆڕایی (تۆڵ فریی) بۆ عیراقییەکان دادەنێت (پارەکەی لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە دەدرێت)، کە چوار کۆمپانیای مۆبایل دەگرێتەوە. خەڵکانێك کە کۆمیسیۆن مەشقی پێکردوون وەڵامی تەلەفۆنەکان و پرسیارغ بواری نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەدەنەوە.

- هەماهەنگیی لایەنە بەشدارەکان

(فەرمانگەی گەیاندنی سەور بە کۆمیسیۆن) پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەستێت، و کار لەگەڵ وەزارەتەکان دەکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی هەڵمەتی ڕۆرشنبیریی هەڵبژاردن. فەرمانگەکە زانیاری بە ڕێکخراوەکان و وەزارەتەکان دەدات و مەشق بە کارمەندەکانی دەکات ئەگەر بتوانرێت. هەروەها کۆبوونەوە ساز دەکات لەگەڵ میدیاکان بۆ دابینکردنی زانیاری بۆیان (ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتییەکانیش) بۆ ئەوەی هانیان بدات بەشداری لە هەڵمەتی ڕۆشنبیرکردنی دەنگدەران دا بکەن.

- هەوڵی جەماوەریی

لە ڕێی بۆنەی بەشداریکردنی کۆمەڵگەکانەوە و گردکردنەوەیان بەرنامەی گەیاتندنی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت، وەك کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرانی بیروبۆچوون و ئەو ئەندامانەی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەکە هەیە (بڕوانە سەرەوە) یان چالاکی رووبەڕوو کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ساز دەکرێت ( بەوانەشیانەوە کە پلانی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن (EECP) تەمویلیان دەکات) لەگەڵ جەماوەرە گشتییەکە. کۆششی جەماوەریی هەروەها بریتییە لە دابەشکردنی کەرەسە (پۆستەر، بلاّونامە، ستیکەرز، کتێب، و دروشم).

### 3.4.2 ستراتیجێکی هەمەلایەن

پلانی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن پێکهاتەیەکی سەرەکیی جەماوەرییە لە کۆششی گەیاندنی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنی جەماوەریی. هانی ئەو ڕێکخراوانە دەدەین کە لە سەرچاوەی ترەوە تەمویل دەکرێن لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ پلانی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن بکەن و کۆششەکانیان یەك بخەن.

لە کاتێك دا فەرمانگەکەی کۆمیسیۆنی بالاّ جەخت دەخاتە سەر زانیاری و ڕۆشنبیریی دەنگدەران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بواری هەڵبژاردنە هەنووکەییەکان دا، ڕەنگە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیامەکەیان بۆ بواری تری ڕۆشنبیریی مەدەنی بەرفراوان بکەن (بڕوانە ڕێنماییە ستراتیجییەکان– 4.4.2). سەرەڕای ئەمەش، پێویستە جەخت لەوە بکەنەوە کە پەیامەکانیان تەبایە لەگەڵ ستراتیجە گشتییەکەی گەیاندنی جەماوەریی کۆمیسیۆنی بالاّ. بە تایبەتی پێویستە وەك سەرچاوەیەکی فەرمی بڕواننە کەرەسەکانی فەرمانگەی گەیاندنی سەر بە کۆمیسیۆن کە بەڵگەنامەی یاسایی ڕاست و زانیاریی تەکنیکییان تێدایە لەسەر پرۆسەکانی هەڵبژاردن. بۆ ئەم مەبەستەش، کۆمیسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان زانیاری بنەڕەتیی دابین دەکات لە بواری چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی دەنگدەران دا (لاپەڕەی حەقیقەتەکان–فاکت شییت–، نامیلکە، و بلاّوکراوە)، سەرەڕای هەندێك چاپەمەنی بۆ دابەشکردن.

### 3.4.3 جێبەجێکردن بە هەماهەنگی

جێبەجێکردنی پلانی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن بە بەشداری کۆمیسیۆن و نووسینگەکانییەتی لە پارێزگاکان. لیژنەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان ( GEECs) "باڵی جێبەجێکردن"ی هەڵمەتەکەن لە ئاستی جەماوەری دا لە ڕێی ئاسانکردن و هەماهەنگی جێبەجێکردنی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنەوە.

19 لیژنەی لەو جۆرە هەیە، یەکێك بۆ هەر نووسینگەیەکی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان (بەغداد دوو نووسینگەی پارێزگای هەیە) . هەر لیژنەیەکی پارێزگاکان لە لایەن بەڕێوەبەری نووسینگەی هەڵبژاردنی سەر بە پارێزگاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، و لە لایەن کارمەندانی میدیای نووسینگەی پارێزگاوە هاوکاری دەکرێت، و ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆ دەکاتەوە کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ڕۆشنبیریی مەدەنی دەستنیشان کراون لە پارێزگاکەدا، هەروەها لایەنی تری پەیوەندیدار کە ڕۆڵیان دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی جەماوری دا.

لەم لیژنانەدا، لە گۆشەنیگایەکی جوگرافی و خشتەی کاتەوە هەماهەنگی بۆ هەموو چالاکییەکانی بواری هەڵبژاردنەکان دەکرێت، بۆ جەختکردنەوە لە باشترین داپۆشین و خشتەی کار بۆ هەڵمەتەکە. ئەندامانی لیژنەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان ئاڵوگۆڕی ئەزموونە سەرکەوتووەکان و زانیاری دەکەن و هەروەها ئەو پرسیارانەش کە لە بۆنەکان دا زۆر دووبارە دەکرێنەوە و بەرەوپێشچوونی هەڵمەتەکە دەکەن بە دۆکیومێنت.

سکرتارییەتی هەڵمەتەکە لە بوارەکانی ئیش و تەکنیکییەوە پشتیوانی لە لیژنەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان دەکات، لە هەموو پارێزگاکان و لە بارەگای سەرەکیی بەغداد. سکرتارییەت هەروەها جەخت لە گەیاندن و پەیوەندی نێوان لیژنەکان و کۆڕبەندییەکە دەکاتەوە.

## 4. ڕێنمایی ستراتیجی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن ساز دەکەن

ئەمانە ڕێنمایی گشتیین، و کۆڕبەندییەکە دایڕشتوون، بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکان لە بواری داڕشتنی شتراتیجی چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن، و بۆ جەختکردنەوە لەو گرووپانەی ئامانجن، لە باشترین پەیام و شێواز بۆ پرۆژەی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن. ئەو ڕێکخراوانەی کە لە لایەن EECPەوە تەمویل نەکراون بانگهێشت دەکرێن بۆ بەکارهێنانی ڕێنماییە ستراتیجیەکان، بەو شێوەیەی لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە دیاری کراون.

پەیکەربەندییەکە هەروەها ڕەنگدانەوەی هەنگاوە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنەکانە، هەر لە پێناسەی ئامانجە ستراتیجییەکانەوە و لە دیاریکردنی دەنگدەرە ئامانجەکانەوە تا دەگاتە جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان.

ڕەنگە نەتوانرێت هەموو شێوازەکان پیادە بکرێن، بۆ نموونە، زۆر ڕێکخراوی ناحکومی پەنا ناباتە بە بەکارهێنانی میدیا، وەنەبێت هەموو ڕێکخراوەکان دەستیان بگاتە هەموو ئەو جەماوەرانەی بە ئامانج دادەنرێن.

بۆ ئەوەی ڕێنماییەکان بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێن، لە لایەن ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنەوە، پلانی هەڵمەت و چالاکییەکانت هەڵبسەنگێنە و پێداچوونەوەی بکە، هەنگاو بە هەنگاو، تەنانەت ڕەنگە بتەوێت بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانە پلانی ستراتیجی خۆت دابڕێژ. جەخت لەوە بکەرەوە کە هەموو هەنگاوێکی ڕێکخراوەمەت تەبایە لەگەڵ ئەو نیشاندەرانەی لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە دیاری کراون، و ئامادەکردنیان بە گوێرەی ڕەوشەکە، و توانای داهێنانی خۆت بەکاربهێنە بۆ ئەوەی گەورەترین گاریگەری هەبێت.

### 4.1 چالاکیی ڕۆشنبیریی بۆ هاوکاری دیمۆکراسی و هەڵبژاردنەکان

پێویستە سێ جۆر چالاکی لە یەکتری جیابکەینەوە و بیانناسینەوە: ڕۆشنبیریی مەدەنی، ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن یان دەنگەر، زانیاریی دەنگدەر.

- ڕۆشنبیریی مەدەنی

ئەمە پرۆسەیەکی بەرفراوانە، بەردەوام، و درێژخایەنە، زۆرجار لە پەیڕەوی خوێندنی قوتابخانەکان و بەرنامەی تریش دا دەخوێنرێت، ڕۆشنبیریی مەدەنی (زۆرجار پێی دەگوترێت ڕۆشنبیریی مەدەنی و هاوڵاتیبوون) مامەڵە لەگەڵ چەمکی بەرفراوان دەکات سەبارەت بە کۆمەڵگەی دیمۆکرات، وەك ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی هاوڵاتییەکان، حکومەت، و بەرژەوەندیی سیاسی و تایبەتی، میدیا، و لایەنی قازانج-نەویست و کارگوزاری (بزنس)، هەروەها هەموو بوارەکانی هەڵبژاردن و کێبڕکێ. تەنها جەخت لە هۆشیاری هاوڵاتیان ناکاتەوە بەڵکو هەروەها جەخت لە بەشداریی هاوڵاتیان دەکاتەوە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی دا. ڕۆشنبیریی مەدەنی و هاوڵاتیبوون لە سێ توخمی سەرەکی پێك دێت: مەعریفەی مەدەنی، بەها مەدەنییەکان، و کارزانییە مەدەنییەکان - واتە هاوڵاتییان توانادار بکرێن بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە و کارزانیی بۆ ئەوەی ببنە هاوڵاتیانی خاوەن مەعریفە و کارا. ڕۆشنبیریی مەدەنی پرۆسەیەکی بەردەوامە، تەنها بە سووڕی هەڵبژاردنەوە نەبەستراوەتەوە.

- ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن یان دەنگەدەران

بوارەکانی هەڵبژاردن دەگرێتەوە (بۆچی دەنگ بدەن، چۆن دەنگ بدەن، کەی دەنگ بدەن، تاد). بەرنامەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن بریتییە لە تاوتوێی هاندانی دەنگدەران و ئامادەباشی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان دا بە تەواوەتی. ئامانجەکە بریتییە لە تاوتوێی زانیاری تری ئاڵۆز سەبارەت بە دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردن و چەمکەکانی پەیوەندی نێوان مافەکانی مرۆڤ و مافی دەنگدان، ڕۆڵ، بەرپرسیارێتی و مافەکانی دەنگدەران، پەیوەندی نێوان هەنڵبژاردنەکان و دیمۆکراسی و هەلومەرجی پێویست بۆ

هەڵبژاردنی دیموکراسی: نهێنی نووسین لەسەر کاغەزی دەنگدانەکە و دانانی لەناو سنووقەکە، بۆچی هەر دەنگێك بایەخی خۆی هەیە و کاریگەری لەسەر بەرپرسیاربوون (مسائلة)، و دەنگەکان چۆن دەگۆڕدرێن بۆ کورسی. ئەم چەمکانە لە لایەن فێرکارەکانەوە راڤە دەکرێن و لێك دەدرێنەوە، نەوەك باسکردنیان وەك بەیاننامەیەك یان حەقیقەتێك.

- زانیاری دەنگدەر

ئەمە پێش هەڵبژاردنەکان دەست پێدەکات و ئامانجەکەی بریتییە لە دابینکردنی زانیاری سەرەکی بۆ ئەوەی یارمەتی هاوڵاتیان بدرێت لە پرۆسەی دەنگدان دا، بابەتی وەك رۆژی دەنگدان، کات و شوێنی دەنگدانەکە: جۆری هەڵبژاردنەکە، ئەو ناسنامە و بەڵگەنامانەی پێویستە دەنگدەر لە رۆژی هەڵبژاردن پێی بێت تا خۆی بناسێنێت، پێویستییەکانی تۆمارکردن، و میکانیزمی دەنگدان.

هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن، وەك لە ناوەکەیەوە دیارە، جەخت دەخاتە سەر رۆشنبیریی هەڵبژاردن یان دەنگدەر. لەگەڵ ئەمەش دا، و لەبەر ئامانجەکانی پرۆژەکە، ئەو بابەتانەی کە لە چالاکیەکانت دا باسیان دەکەیت (وەك کۆڕبەندییەکە پێناسەی کردوون، خاڵی 4.5 خوارەوە) ئەم بابەتانەش دەگرێتەوە: زانیاریی دەنگدەر، و تەنانەت توخمە بنەڕەتییەکانی رۆشنبیریی مەدەنی، ئەوەندەی پەیوەندی هەبێت بە سووڕی هەڵبژاردنەکانی ئێستاوە.

بەم شێوەیە ئەو چالاکیی رۆشنبیریی هەڵبژاردنەی رێکخراوەکەت ئەنجامی دەدات بریتی دەبێت لە ئاوێتەیەك لە رۆشنبیریی دەنگدەر، زانیاریی دەنگدەر، و بنچیینە پەیوەندارەکانی رۆشنبیریی مەدەنی. تۆ پێویستە ئەم "ئاوێتە"یە بەکاربهێنیت: بۆ نموونە: بۆ جەماوەرەکەت (رەنگە دەنگدەری نوێ پێویستی بەوە بێت کە جەخت بخەیتە سەر بواری رۆشنبیریی مەدەنی بە شێوەیەکی بەرفراوان)، یان جەخت بخەیتە سەر قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن (لەگەڵ نزیکبوونەوەی رۆژی دەنگدان دا، جەخت دەخرێتە سەر زانیاری دەنگدەر لە بواری شێوازە پراکتیکیەکانی دەنگدان، هەروەها بوارێکی تایبەتی رۆشنبیریی دەنگدەر وەك ئەو دەزگایانەی دەنگیان بۆ دەدرێت و هەڵدەبژێردرێن)، تاد.

ئەوەت لە بیر بێت کە کە تاوتوێ و گفتوگۆی مەدەنی چڕتر بکەیتەوە، بە شێوەیەك کە لەگەڵ جەماوەرەکەت دا بگونجێت، بەم شێوەیە پێویستە هەمیشە رۆشنبیریی مەدەنی بەشێك بێت لە ئاوێتەکەت.

### 4.2 ئامانجی ستراتیجیی

هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بەم شێوەبیەی خوارە وە لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە دیاری کراوە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی عیراقییەکان، مەعریفەیان و پشتگیری و بەشداریکردنیان لە سیستمی دیموکراتی دا، و بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. لە دووتوێی بەشداریی هاوڵاتیان دا، پێشەنگێتی دەدرێت بەو گرووپانەی کە لە دوایین سووڕی هەڵبژاردن دا کەم بەشدارییان کرد یان هەر بەشدارییان نەکرد.

هەندێك ئامانجی دیاریکراو دەستنیشان کراون. ئامانجی هەڵمەتەکە بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفە لەم بوارانەدا:

- سیستمی دیموکراتیی عیراق و بەشداریی پێویستی هاوڵاتییان، بە تایبەتی لە رێی دەنگدان بۆ نوێنەرەکان.
- هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و بابەتە گرنگەکان، بە تایبەتی رۆڵی ئەو دەزگایانەی هەڵدەبژێردرێن و دەنگیان بۆ دەدرێت.
- پرۆسەی هەڵبژاردن، لایەنەکانی، پرەنسیپ و رێوشوێنەکانی.

- شێوازەکان بۆ ئەوەی هاولاَتییان بە چالاکیی یەشداری لە دەنگدان دا بکەن: وەك شێوازی پراکتیکی دەنگدان، بەلاَم هەروەها بەرپرسیارێتی هاولاَتی لە بەرامبەر بەدواداچوونی بابەتەکان، لێکۆلَینەوە لە پالَێوراوان و پێکهێنانی بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆی لە بەرامبەر بە پالَێوراوەکان.
- دەزگای هەلَبژاردنی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بالاَی هەلَبژاردن، و ئەو گەرەنتییانەی دابینکراون بۆ ئەوەی هەلَبژاردنەکان دیموکراسی بن.

زۆر گرنگە رێکخراوەکەت ئەم ئامانجانە بە شێوەیەکی پراکتیکی دابرێژێت و بیانهێنێتە دی، و ئامانجەکان ورد بن. تۆ دەتوانیت ئامانجەکان بە وردی و بە روونی دەربڕیت، دوابەدوای ئەوەی بە تێروتەسەلی جەماوەکەی خۆت دەستنیشان کرد (بڕوانە 4.3 لە خوارەوە) و ئەم جەماوەرەت شی کردەوە، بە تایبەت شیکردنەوەی پێویستییەکانیان (بڕوانە4.4)

### 4.3 دەستنیشانکردنی جەماوەرەکە (جەماوەرە ئامانجەکە)

ئاماژە بەو پۆلێنەی لە سەرەوە داڕێژراوە لە خالَی 4.1 دا، و کە بە گوێرەی بارودۆخی دیموکراسیەکی نوێی وەك عیراق ئامادەکراوە، پێویستە رۆشنبیریی مەدەنی پێشکەشی هەموو هاولاَتیان بکرێت. لەگەلَ ئەمەش دا، پێویستە پێناسەیەکی وردتر بۆ ئەو جەماوەرە بکەیت کە جێی ئامانجی تۆن و دەستنیشانیان بکەیت. کۆڕبەندییەکە ئەو جەماوەرانەی دیاریکردووە کە پێشەنگێتییان هەیە (بڕوانە خوارەوە 4.3.2)، کە رەنگە پێوەخت بە خۆت لە پلانەکەت دا رەنگیان دابێتەوە. وەك رێکخراوێکی کۆمەلَگەی مەدەنی کە بەرنامەی رۆشنبیریی هەلَبژاردن جێبەجێ دەکەیت، هەروەها پێویستە جەخت بخەیتە سەر بەکارهێنانی سەرچاوەکانت بە باشترین شێوە و کاریگەری چالاکییەکانت، و بەم شێوەیەش دیاریکردن و شیکردنەوەی سوودمەندەکان بە وردی.

#### 4.3.1 پێشەنگێتی بۆ جەماوەرە دەستنیشانکراوەکەت

ئەم گرووپانەی خوارەوە بە پێشەنگێتی دادەنرێن لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە.

- لاوان و ئەوانەی یەکەم جاریانە دەنگ بدەن.: ئەم گرووپە لە دوایین هەلَبژاردن دا بەشدارییان نەکردووە و پێشبینی دەکرێت ژمارەیان 2–3 ملیۆن دەنگدەر بێت، و خەلَکی خوێندەوار و نەخوێندەوارن. پێویستە بە وردی بایەخ لەو لاوانە بدرێتەوە کە نەچوونەتە قوتابخانە، و هەروەها لاوی گوند و لادێکان.
- ئاوارەی ناوخۆ: مەزەندە دەکرێت نزیکەی 1.3 ملیۆن کەس لە 2005 ەوە ئاوارە بووبن، و بە گشتیی نزیکەی 2.4 ملیۆن کەسن (بەو ئاوارانەی کوردستانەوە کە ماوەیەکی زۆرە ئاوارە بوون).
- ئەو گروپانەی لە هەلَبژاردنەکانی پێشوودا بەشدار نەبوون: بە تایبەتی لەو پارێزگایانەی سوننە زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن.
- ئافرەتان: 50٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن.

هەروەها ئەم گرووپانەی خوارەوەش لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە دەستنیشان کراون کە پێویستیان بە بایەخ پێدانی تایبەتییە، و پێویستە بە تایبەتی لە داڕشتنی پەیام یان شێوازەکەدا رەچاو بکرێن:

- خەلَکی نەخوێندەوار: نزیکەی 30٪ی دانیشتوانن.
- دانیشتوانی ناوچە دوورەکان و گوندەکان: ئەمە ئەو خەلَکانەش دەگرێتەوە کە لە زۆنگاوەکان دەژین، لە لادێکان، لە شاخەکان، و لە بیابان، لەو کۆمەلَگانەی کەێدەچێت پارێزکار و تەقلیدی بن.
- ئەو کەم ئەندام (پەککەوتە): ئەمە بە تایبەتی لە عیراق جێی بایەخە، دوابەدوای زنجیرەیەك شەڕی یەك بە دوای یەك، مەزەندە دەکرێت نزیکەی 10٪ ی عیراقییەکان کەم ئەندام بن.

- گرووپە سەرەکییە ئیسنییەکان/فەرهەنگییەکان/ئاینییەکانو لە ناوەڕاست، باکوور، و باشووری وڵات.
- کەمینەکان (ئیسنی، ئایینی، و زمانیی)

زۆر گرنگە بە گوێرەی هەموو ئەو پۆلێنانەی سەرەوە بەرنامەی تایبەتت هەبێت بۆ:

- رابەرانی بیروبۆچوون و کۆمەڵگەکان ئەمانە بە سەرەك هۆز، و پیاوانی ئایینی، و خەڵکی خوێندەواری خاوەن کاریگەریشەوە، هەروەها نوێنەرانی میدیاکانیش.

### 4.3.2 پۆلێنکردنی جەماوەرە دەستنیشانکراوەکە و ریزکردنیان بە گوێرەی پێشەنگێتی

- زۆر گرنگە جەماوەرەکە پۆلێن بکەیت و بە گوێرەی پێشەنگێتی ریزیان بکەیت:

پۆلێنیان بکە، چونکە هەر گرووپێکی کۆمەلایەتی جیاوازە لە گرووپەکانی تر و ئاستی مەعریفە و بەرژەوەندی و ئارەزووەکانیان (لە هەڵبژاردنەکان دا) لە یەکتری جیاوازە، و پێویستە بە  شێوازی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

- بە گوێرەی پێشەنگێتی ریزیان بکە، چونکە کات و سەرچاوەکانی بەردەستت کەمن و بەرتەسکن لەبەرئەوە پێویستە ئەو گرووپانە دیاری بکەیت کە زۆر پێویستیان بە رۆشنبیریی هەڵبژاردنە: بە تایبەتی ئەو گرووپانەی کە بەشداریکردنیان نزم بووە زۆر پڕبایەخە بۆ ئەوەی جەخت بکرێتەوە لەوەی لە دەزگاکان دا بە دیمۆکراتی نوێنەرایەتییان دەبێت، ئەو گروەوپانەی کە پێویستیان بە بڕواپێهێنانی زیاتر و بەشداری زیاترە، هەروەها ئەو گرووپانەی یان جۆرە تاکەکەسانەی کە لە رێی ئەو کاریگەرەی هەیانە کاریگەرێکی گەورە لەسەر بەشداریکردن دروست دەکەن.

تۆ لەو پرۆژەیەدا کە پێشکەشی (یونۆپس)ت کردووە جەماوەرەکەی خۆتت  دەستنیشان کردووە، کارێکی باشە ئەگەر زیاتر پۆلێنیان بکەیت و بە گوێرەی پێشەنگێتی ریزیان بکەیت، بە رەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:
هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی سۆسیۆ–دیمۆگرافی پارێزگاکەت و ئەو گروپانەی کۆڕبەندییەکە بە پێشەنگێتی دەستنیشانی کردوون، شیکردنەوەی

- ○ ئەو جەماوەرە دەستنیشانکراوەی کە پێدەچێت کەمتر بەشداری بکات، و ئەو پۆلێنانەی کە بەشداریکردنیان زۆر پڕبایەخە بۆ جەختکردنەوە لەوەی پرۆسەکە دیمۆکراسییە و نوێنەرایەتییان دەبێت.
- ○ ئەو گرووپانەی پێویستییان بە پەیامی تایبەتییە و/یان شێوازی تایبەتییە.
- ○ ئەو گرووپ یان خەڵکانەی کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، یان کاریگەرێکی درێژخایەنیان هەیە (بۆ نموونە لاوان، چونکە نەریتە مەدەنییەکان لە تەمەنی لاویدا دەچێنرێن و وەردەگیرێن)، تاد.

هەڵسەنگاندنی خاڵەکانی بەهێزی و هەلەکانی رێکخراوەکەت لە گەیشتن بە جەماوەرە دەستنیشان کراوەکەی ناو کۆمەڵگەکە.

کاتێك جەماوەرەکەت پۆلێن دەکەیت، تەنها بیر لەو گرووپانە مەکەرەوە کە نەریتە دیمۆگرافییەکانیان هاوشێوەیە و وەك یەکترین بەڵکو هەروەها لەو کۆمەڵگانەی کە خەڵکەکە جۆراوجۆرن بەڵام یەك بەرژەوەندیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و دەتوانرێت لەمەوە پێیان بگەیت ( بۆ نموونە: ئارەزوومەندانی فتبۆڵێن، ئەو خەڵکانەی لە قاوەخانەیەك کۆدەبنەوە و بوونەتە گرووپێك، ئەوانەی دەچنە قاوەخانەیەکی ئینتەرنێت ، تاد)

### 4.4 رووپێوی جەماوەر: دۆزینەوەی هەڵوێستەکان، دیاریکردنی خاوەن کاریگەرەکان

پاش دەستنیشانکردنی جەماوەرەکە، کارێکی باشە بە شێوەیکی قووڵتر جەماوەرەکە شی بکەیتەوە، بە تایبەتی دۆزینەوە و ئاشنابوون بە هەڵوێستەکان و هەڵسەنگاندنی ئاستی مەعریفە، بەرژەوەندی، تاد.ی ئەو گرووپانە لە بواری هەڵبژاردنەکان  و

سیستمی دیمۆکراسی دا، هەروەها دیاریکردنی ئەو کەسانەی کاریگەرێکی سەرەکییان هەیە لەسەر جەماوەرێکی دیاریکراو (کێ، یان زانیارییەکانیان لە کێ یان لە کوێوە دەهێنن؟ کێ یان چی کار دەکاتە سەر بیروبۆچوونیان؟). ئەمە گرنگە چونکە یارمەتیمان دەدات لە دیاریکردنی گونجاوترین پەیام و شێواز بۆ هەر جەماوەرێك.

### 4.4.1 توخمە سەرەکییەکان

کۆڕبەندییەکە ئەم توخمانەی خوارەوەی دیاری کردووە کە پێویستە بە وردی بایەخیان پێبدەین و بە قووڵتر ئاشنایان ببین لە ئاستی پارێزگا و ناوچەیی دا:

- متمانەی خەڵك بە حکومەت و دەزگا دیمۆکراسییەکان بە گشتیی لاوازە.
- لە هەڵبژاردنەکانی 2005 ەوە خەڵك لە وەهمی هەڵبژاردن رزگاری بووە.
- جیاوازییەکی گەورەی هەرێمایەتی هەیە لە بواری بیروبۆچوون و تێڕوانینیا لە هەڵوێستە گشتییەکەی دوایین هەڵبژاردن: لە ناوچە کوردییەکان زۆر پۆزەتیڤە، تێکەڵەیەکە لە باشوور، نێگەتیڤە لە بەغداد و ناوچە سوننیەکان[1].
- لە نێو گرووپە گەورە و سەرەکییەکان دا، گومان و رەخنە لە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان (ئەمە شتێکی باوە بۆ سیاسەتی دیمۆکراتی[2]).
- هاوڵاتیانی عیراقی لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کە ئەنجومەنە ناوچەییەکان گونجاوترن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە ئاستی ناوچەیی دا وەك لە حکومەتی ناوەندی (نیشتمانی).
- خەڵك متمانەی زیاتریان بە پیاوانی ئایینی و پرۆفیسۆر و مامۆستایان هەیە (4 کەس لە هەر 5 کەسێك بڕوای پێیانە) وەك لە رێکخراوی خێرخواز (2 لە 3)، و لە سەرۆك هۆز و میدیا (زیاتر لە نیوە)، و لە یەکێتییەکان (اتحادات) و سەندیکای پیشەیی (2 لە 5) و پارتە سیاسییەکان (1 لە 3)[3].

ئەم توخمانە تەنها نیشاندەر (مۆشر)ن، کە لە هەندێك رووپێو (مسح)ی 2006 و 2007 دا پێوانە کراون. رەنگە گۆڕانی گەورە بەسەر ئەم بۆچوونانەدا هاتبێت.

ئەگەر تەنانەت شیکردنەوەیەکی بەرایی جەماوەرەکەشت بکەیت، هەڵمەتەکەت سوودی لێ وەردەگرێت.

### 4.4.2 ئەنجامدانی رووپێوێکی بنەڕەتیی جەماوەرەکە

رەنگە رێکخراوەکەت کات و سەرچاوەی نەبێت بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی وردی جەماوەرەکە، بەڵام دەتوانرێت رووپێوێکی بنەڕەتیی جەماوەرەکە ئەنجام بدرێت کە زانیاری ورد دەدات بە رێکخراوەکەت کە بۆ داڕشتنی پەیامەکەت و شێوازەکەت پێویستت پێی دەبێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا پەیوەندی بە جەماوەکەتەوە بکەیت.

پێویستە بە ئاستی هوشیاری، مەعریفی، بیروبۆچوون (پۆزەتیڤ /نێگەتیڤ)ی جەماوەرەکەت ئاشنا بیت، و پێشبینی ئاستی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنکانی داهاتوودا بکەیت (و ئەو دەزگایانەی دەنگیان بۆ دەدرێت و هەڵدەبژێردرێن). ئەمە یارمەتیت دەدات لە دیاریکردنی ئەو بابەتانەی پێویستە باسیان بکەیت لەگەڵ جەماوەرە دیاریکراوەکە دا، و ئەو پەیامەی کە بۆ ئەمان زۆر گونجاوە.

---

[1] بنکەی الیقین، رووپێو، حوزەیرانی 2007
[2] گرووپی هەڵبژێردراو، رێکخراوی (NDI) لەگەڵ پیاو و ژنانی عیراقی، تشرینی1 و2 ی 2006.
[3] بنکەی الیقین، رووپێو، حوزەیرانی 2007

هەروەها پێویستە لە جەماوەرەکەت بکۆڵیتەوە و لەم توخمە سەرەکییانە تێبگەیت: زانیارییەکانیان لە کوێوە دەست دەکەوێت؟ کێ یان چی کار دەکاتە سەر بڕیارەکانیان؟ متمانە بە کێ دەکەن یان کێ بە نموونەیەکی بەرز دەزانن؟ پیشە و بەرژەوەندییەکانیان کامەیە و ئارەزووەکانیان چییە؟ کەی باشترین کاتە بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە ؟ و کوێ باشترین شوێنە بۆ ئەم مەبەستە؟

لە زۆربەی حاڵەتەکان دا، دەتوانیت بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و مەعریفەی ڕێکخراوەکەت و ستافەکەت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە. وا پەسەندە لە ڕێی ڕاپرسییەکەوە یان لە ڕێی گرووپی هەڵبژاردەوە (فۆکەس گرووپ) (کە کارمەندێك سەرنجەکان دەنووسێتەوە) ئەم زانیارییانەت دەست بکەوێت. ئەمە زۆربەی ئەو زانیارییانەت بۆ دابین دەکات کە پێویستت پێیەتی.

هەوڵ بدە هەروەها زانیاری لە خەڵکی ناوچەکەوە وەربگریت بۆ شیکردنەوەی ژینگەی جەماوەرەکەت، بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەر جەماوەرەکە هەیە و دەتوانیت بیانکەیت بە دەروازەیەك بۆ ناو کۆمەڵگەکە و ئاسانکردنی پەیوەندی بەستن لەگەڵیان و زیاترکردنی کاریگەرەکەت لە سەریان. ڕەنگە ئەم کەسانە بریتی بن لە ریش سپی گوندەکە، بەڵام بۆ نموونە ڕەنگە خاوەنی قاوەخانەیەکی ئینتەرنێی بەناوبانگ (ئەگەر بتەوێت دەستت بگاتە لاوان). لە زانکۆ دا، پێویستت بە هاوکاری کارگێڕی و ڕاگرەکانە، بەڵام ڕەنگە پرۆفیسۆرێك کە هەمووان خۆشیان دەوێت کاریگەری لەمان زیاتر بێت کاتێك بتەوێت قوتابییەکان حەزیان لە بابەتەکە بێت.

### 4.5 شێوازەکان – تاکتیك و ئامرازەکان

پاش دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی جەماوەرەکە، پێویستە باشترین شێواز بۆ هەر یەکێکیان دەستنیشان بکرێت: کام جۆر چالاکی؟ شێواز، میدیا، و ئامراز کاریگەری زۆرترە بۆ گەیشتن بە جەماوەری ژینگەیەکی دیاریکراو؟

#### 4.5.1 شێوازی گشتیی

ئەم شێوازە گشتییانەی خوارەوە یان هۆی گەیاندنانە لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە دەستنیشان کراون:

- میدیای پیشاندان و چاپەمەنی

  - تەختەی ئاگاداری (لوحه اعلانات، billboard).
  - نیگاری سەر دیوار (جداریه، mural): هەلێکە بۆ داهێنان لە لایەن خودی کۆمەڵگەکەوە، با لاوان بەشداری بکەن لە دروستکردن یان بەرهەم هێنانی دا (بۆ نموونە، نیگارکێشان لەسەر دیوارە کۆنکریتییە بەرزەکان لە لایەن هونەرمەندێکەوە و منداڵان و لاوانیش لەگەڵی بن)
  - ریکلام لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دا (کارتوون، بابەت، تاد)
  - بڵاونامەی وەرزیی (بۆ نموونە هەواڵنامەی کۆڕبەندییەکە)
  - بابەتی پیشاندان : لەزگە (ستیکەرز)، پۆستەر، زۆربەی جار بۆ زانیاری سادە کە هانی دەنگدەر بدات.
  - نامیلکە، کتێب،: زۆرجار وەك سەرچاوە بەکاردەهێنرێن، و زانیاری ئاڵۆزتر لەخۆ دەگرن.

- میدیای بینراو و بیستراو و زیندوو

  - تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ: ریکلام و سپۆت، ریکلامی خزمەتگوزاریی گشتی، بەرنامەی چاوپێکەوتن و دیمانە، تەلەفۆن کردن بۆ بەرنامە، زنجیرەی دراما، بەرنامەی دۆکیومێنتەری وەك نمایشکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

میدیای بیستراوی بینراو گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر زۆرترین ژمارە. لەگەڵ ئەمەش دا زۆربەی ئەم شێوازانە بریتی نین لە شێوازی بەشدارپێکردن. واتە کارلێککردن لە نێوان بینەر/گوێگرەکە و لایەنەکە دا نییە، تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ کاتێك

**سەرکەوتووترن کە چالاکییەکان بخرێنە دووتوێی بەرنامەی میللی رێکوپێکەوە (هەر لە بەرنامەی کات بەسەربردنەوە تا دەگاتە تاوتویێ). با ناوبەناو بە شێوەیەکی رێکوپێك بەرنامەی دیمانەیەکی بەناوبانگ کە خەڵك حەزی لیێ بێت میوانداری رێکخراوەکەت و نوێنەری کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بالاَ بکات بۆ تاوتوێی هەڵبژاردنەکان (بە خۆڕایی) لە جیاتی ئەوەی بەرنامەیەك بەرهەم بهێنیت. پێویستە بایەخی تایبەتی بەو خاڵە بدەین کە ئەو کەناڵ و بەرنامانە هەڵبژێرین کە جەماوەرە دەستنیشانکراوەکە زۆر بایەخی پێدەدەن، و ئەوەی تێچوو (مەسەرەف)ەکەی کەمترینە.**

- **فیلیم: پەخشکردن لە تەلەفیزیۆنەوە، لە ویبسایتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سەرەڕای بەرنامەدانان بۆ پیشاندانی لەسەر سکرین. (بەرنامەیفێرکاری–کات بەسەربردن:ئیجوتێینمێنت، کە ناوەڕۆکێکی فێرکاری تێکەڵی بەرنامەیەکی کات بەسەربردن دەکرێت)**
- **گۆرانی و مۆسیقا و ڤیدیۆ**
- **شانۆگەری: جۆرێکی زیندووە لە ئیجوتێینمێنت. زۆرجار لەگەڵ ئەمەدا چالاکیی رووبەڕوو ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە کاریگەرێکی راستەوخۆی دەبێت (بڕوانە خوارەوە)**
- **سینەما و شانۆی گەڕۆك: هەمان ئەو بەرهەمانەی سەرەوە پێشکەش دەکات بەڵام تیمی گواستراوە (بزواو) ئەنجامی دەدەن و سەردانی ناوچە دوور و گوندەکان دەکەن، لەو شوێنانەی کە ئەو جۆرە ژێرخانەی لیێ نییە. ئەمە کاریگەرێکی باشی هەیە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئامرازی کات بەسەربردنی لیێ نییە. زۆربەی جاریش دوای ئەمە تاوتویێ و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکەکە ساز دەکرێت.**
- **هونەری پلاستیك (هونەری تەشکیلی): رەنگە بە شێوەی کێبڕکێی فێرکاری ئەنجام بدرێت.**

- **پەیوەندیی راستەوخۆ**
  - **چالاکییەکی راستەوخۆ (لە شوێنی خۆی دا): کۆبوونەوەیەکی ئیرتجالی لەگەڵ خەڵکانێك لە شوێنێکی گشتیی. بۆ نموونە، رۆیشتن بە ناو بازاڕێك دا و بلاَوکردنەوە و دابەشکردنی زانیاری لەسەر هەڵبژاردن بەسەر خەڵکەکە لەو شوێنەدا.**
  - **دانیشتی رووبەڕوو (گرووپی 10 تا 30 کەسی): ئەمە زۆربەی جار شێوازێکی راستەوخۆی زۆر کاریگەرە بۆ شێوازی بەشدارییپێکردن، بۆ زۆربەی شوێن و جەماوەرەکان گونجاوە.**
  - **گرووپی هەڵبژاردە: لەگەڵ جەماوەرێك دا کە یەك بەرژەوەندی کۆیان دەکاتەوە ( بۆ نموونە: لەگەڵ لایەنگرانی فتبۆڵێنێك)**
  - **هەڤاڵێنی: گەیشتن بە جەماوەرێك لە رێی برادەر و هاوکارەکانیانەوە (بۆ نموونە قوتابیانی زانکۆ لەگەڵ قوتابینی زانۆ.....)**
  - **سەکۆی کار (وێرکشۆپ)، کۆنفرانس، سیمینار: بۆ جەماوەری رۆشنبیر و خوێندەوار گونجاوە، هەندێك جار بوار نابێت بۆ بەشدارییپێکردنێکی چڕوپڕ.**
  - **گەڕۆك لە رێی سەردانی مەیدانی لە لایەن تیمی بزواوەوە ( بە بەکارهێنانی موکەبیرەی دەنگ، تاد)، لە رێی سەردانی مالاَن، تاد**
  - **رەشماڵی هەڵبژاردنەکان: شوێنێکی گشتی تەرخان دەکرێت و تێیدا ڤیدیۆ لێدەدرێت و ئاسانکار (فاسیلیتێیتەر)ەکان لەگەڵ هاولاَتیان تێکەلاَو دەبن و چالاکییەکە لە شوێنەکەدا ئەنجام دەدرێت.**

- **میدیای نویێ**
  - **دابەشکردنی سی دی، دی ڤی دی، و فلاش دیسك کە بابەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردنیان تێدایە.**
  - **بنکەی تەلەفۆن: بنکەیەك کە تەلەفۆن کردن بۆی بە خۆڕاییە، و لێرەوە وەلاَمی پرسیارەکانی خەڵك دەدرێتەوە لەسەر هەڵبژاردنەکان.**

- ناردنی میسیج (ئێس ئێم ئێس) بۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵك: ئەمە تێچوونی زۆر کەمە و زانیاری دەنگدەری کورت و بۆ بیرخستنەوە لەخۆ دەرێت( بۆ نموونە: هەموو دەنگێگ گرنگە، ئەمرۆ بچۆ بۆ دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، هەر پرسیارێکت هەیە بەم ژمارەیە تەلەفۆن بۆ کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵا بکە، تاد)
- ناردنی پۆستە بە ژمارەیەکی زۆر: بۆ ئەم مەبەستە پێویستە داتابێیسی ناونیشانەکانت هەبێت.
- وێبسایتەکانی کۆڕبەندی و کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان
- وێبسایتی بلۆگ (تیانووس، مدونات) و بەشداریکردن.

- شێوازی تر

بەرهەم کە ریکلامی لەسەرە : رۆژژمێر، لیڤێکس، پێنووس، تی شێرت، تاد، کە دروشم و پەیامەکانی هەڵبژاردنی لەسەرە.

### 4.5.2 دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان و هەلەکان

ئەو شیکردنەوەیەی لەسەر جەماوەرەکەت ئەنجامت داوە (لە سەرەوە لە 4.4 دا باسی کرا) یارمەتیت دەدات لە دەستنیشانکردنی باشترین شێواز بۆ جەماوەرەکەت لەو رەوشەدا.
هەروەها رەچاوی ئاستەنگ و هەلەکانی پێش چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بکە. بۆ نموونە، بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکەت، سەیری ئەم نیشاندەرانەی خوارەوە بکە کە کۆڕبەندییەکە دایڕشتووە:

- گەیشتن بە ئاوارەکانی ناوخۆ

ئاستەنگەکان

زۆربەی ئاوارەکان و ئەوانەی دیسان ئاوارە بوونەوە لە کامپ دا ناژین، ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی دۆزینەوەیان و دەست گەیشتن پێیان زەحمەتتر بێت. رەنگکە ئاوارەکان هەروەها رووبەڕووی گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەخت بووبێتنەوە و کەمتر مەیلی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن دا هەبێت.

هەل

ئەو ئاوارانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا توانیوانە لە شوێنی نوێ نیشتەجێ بن، رابەرانی کۆمەڵگە دەتوانن ئەو شوێنانەمان بۆ دیاری بکەن کە خێزانە ئاوارەکانی لێیە. پەیوەندی کردن بەم خێزانانەوە و شیکردنەوەی رەوشەکانیان (بڕوانە 4.4 رووپێوی جەماوەر: دۆزینەوەی هەڵوێستەکان، دەستنیشانکردنی ئەوانەی کاریگەریان هەیە) یارمەتیت دەدات لە دیاریکردنی خاڵەکانی دەستپێکردن و شێوازەکە. لە هەرێمی کوردستان، چەند بنکەیەکی تایبەتی بۆ نیشتەجێبوونی ئاوارەکان رێکخراوە، لە پارێزگاکانی باشوور، رەنگە وا باش بێت سەردانی نووینگەکانی وەزارەتی کۆچ و ئاوارەکان بکەیت. لە زۆر حاڵەت دا، ئەو رێکخراوە ناحکومییانەوی یارمەتی ئاوارەکان دەدەن لەم بوارەدا زانیارییان هەیە.

- گەیشتن بە ئافرەت و ژنان

ئاستەنگەکان

گەیاندنی زانیاریەکان بە ئافرەتان، بە تایبەتی لە گوند و شوێنە پارێزکارەکان، کە میدیاکان ناگات پێیان و هەروەها لەوانەیە نەخوێندەواریش بن.

هەل

دەتوانیت شوێن و کات دەستنیشان بکەیت بۆ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و گردکردنەوەی ئافرەتان و ژنان: لە بازاڕەکان، شوێنی (وەرشەی) دروومان و چنین و رستن، زەماوەند، تاد. ئایا هێندەی پێویست کارمەند و خۆبەخشی ئافرەتت هەیە لە هەڵمەتەکەت دا کە دەوستت بگات بە ئافرەتان؟

- لاوان

ئاستەنگەکان

ئەو لاوانەی قوتابین لە زانکۆکان و دەچنە قوتابخانە زیاتر دەستیان بە زانیارییەکانی هەڵبژاردن دەگات لەو گەنجانەی لە دەرەوەی ئەم دەزگایانەن. لاوان لە گوند و لادێکان ئاستەنگی زیاتریان لە پێشە بۆ دەستگەیشتن بە زانیاریی، بە هەمان شێوە بۆ میدیا و زانیاریی ئەلیکترۆنی.

هەل

ئەو لاوانەی قوتابی نین لە کویێ گرد دەبنەوە؟ رەنگە لە گۆرەپانی یاری دەستمان بە کوران بگات، لە قاوەخانەی ئینتەرنێت، یانەی لاوان، تاد.

- ئەو بارودۆخانەی کە خەڵکانی کاریگەر دژی هەڵبژاردنەکان دەوەستنەوە

ئاستەنگەکان

رابەرانی بیروبۆچوون و کۆمەڵگە و گشتیی لە هەندێك ناوچە دژی هەڵبژاردنەکانن (ئەوانەی رەنگە پێییان وابێت هەڵبژاردنەکان بیٚ سوودن، دادپەروەرانە نین، و تەنانەت حەرامن). رەنگە خەڵك قەدەغە بکەن لە بەشداریکردن لە چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن.

هەل

ئەگەر کاریگەرێکی راستەقینەیان هەیە، ناتوانیت هیچیالن لەگەڵ بکەیت، لەبەر ئەوە بە یەکەمین جەماوەری خۆت دایانبنێ هەوڵ بدە و لە رێی خەڵکانێك کە هەمان پاشینە یان هەستەوەرییان هەبێت لێیان نزیك ببەرەوە (پیاوانی ئایینی، سەرۆك هۆز، سەرکردەی هەمان حزب، تاد)، و بڕوایان پێبهێنە بەوەی کە ئەمانە وەك رابەری کۆمەڵگەکەیان پێویستە جەخت لەوە بکەنەوە کۆمەڵگەکانیان دەنگی دەبیسترێت لە پرۆسە سیاسیەکەدا.

دواجار، رەچاوی ئەو ئامرازانە بکە کە لەبەر دەستتن لە پارێزگاکەت دا (کام جۆر میدیا، بۆ نموونە)، و توان و خاڵە بەهێزەکانی رێکخراوەکەت (ئایا پێشتر ئەم جۆرە چالاکییەت کردووە، ئەگەر نا، ئایا دەتوانی کەسانی گونجاو وەك سەرچاوە دەستنیشان بکەیت؟)

### 4.5.3 دیاریکردنی شێوازەکان بۆ هەر گرووپێکی دەستنیشانکراو

ئەم شێوازە پێشنیارکراوانەی خوارەوە باشترین شێوازن بۆ کارکردن لەسەر ئەو جەماوەرانەی وەك ئامانج لە لایەن کۆڕبەندییەوە دەستنیشانکراون:

- لاوان و ئەوانەی یەکەم جاریانە دەنگ بدەن

تەلەفیزیۆن، چاپەمەنی و میدیای نویٚ، بە تایبەتی لە رێی وێبسایتی کۆمەڵایەتییەوە. تەلەفۆنی مۆبایل چونکە زۆربەی گەنجان مۆبایل بەکاردەهێنن. ئەو گەنجانەی لە گوند و لادێکانن و کەمتر میدیا و تەکنەلۆجیایان پێگەیشتووە، شێوازی وەك وەرزش _سەردانی یاریگە و ئەو یاریزانانەی کە ژمارەیەکی زۆر گەنجان بۆ خۆیان رادەکێشن)، یاری، سینەما/شانۆی گەڕۆك زۆر کاریگەرن لە راکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەنج. دابەشکردنی زانیاری هەڵبژاردن و بابەتی چاپکراو، پەیوەندی گشتیی لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا.

- ئاوارەی ناوخۆ

زۆربەی ئاوارەکان و ئەوانەی دیسان ئاوارە بوونەتەوە لە کامپ ناژین، واتە بە کۆمەڵ نین، باشترین شێواز بۆ دەست کەیشتن بە ئاوارەکان بریتییە لە میدیا (تەلەفیزیۆن و رادیۆ)، بە گوێرەی راپرسیەك کە لە2006 دا ئەنجام دراوە. پرسیار

له ئاوارەکان کرا کە ئاخۆ زۆربەی زانیاریەکان لە کام سەرچاوەوە دەست دەکەوێت. ٪47 وتیان خێزان و برادەر گرنگترین سەرچاوەن، ٪47 تەلەفیزیۆن و رادیۆیایان بە سەرچاوەی سەرەکی زانیاریی ناوبرد، تەنها بۆ ٪4 سەرچاوەی زانیاری بریتی بوو لە رابەرانی سیاسی و ئاینیی و کۆمەلاَیەتی ٪2 یش رۆژنامەیان بە گرنگترین سەرچاوەی زانیاری دانا[4]. بەم شێوەیە، پێویستە بەرنامەی تایبەتی تەلەفیزیۆن و رادیۆ سەبارەت بە رۆشنبیریی هەڵبژاردن بەرهەم بهێنرێت و پەخش بکرێت. پێویستە کۆبوونەوەش ساز بکرێت بۆ کۆبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ئاوارە بۆ ئەوەی بە رێکوپێکی باسی هنەڵبژاردنەکانی داهاتوویان بۆ بکرێت، بە تایبەتی چۆنیەتی تۆمارکردنیان لە تۆماری دەنگدەران و دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان. پێویستە چاپەمەنی تایبەتی ، کە جەخت لە رۆشنبیریی هەڵبژاردنی ئاوارەی ناوخۆ بکاتەوە بەرهەم بهێنرێت و لەو کۆبوونەوانەدا دابەش بکرێن. دەتوانرێت ئەم چاپەمەنییانە لەو شوێنانە دابنرێت کە ئاوارەکان کەرەسەی خۆراکی و هاوکاری لێوەردەگرن.

- ئافرەتان و ژنان

رادیۆ ئامرازێکی بە سوودە بۆ گەیاندنی زانیاری بە ئافرەتان، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە پارێزکارن، بەرنامەی رادیۆیی کە بە رۆژ پەخش بکرێن. ئەگەر بکرێت، کۆبوونەوەی کۆمەلاَیەتیی راستەوخۆ (بە تایبەتی بۆ ئافرەتانی نەخوێندەوار) بۆ روونکردنەوەی بارودۆخ و پرۆسەکان و گەیاندنی زانیاریی دەنگدەر. (بۆ نموونە، کەی، لە کویێ و چۆن ناو تۆمار بکرێت، و دەنگ بدرێت)

- نەخوێندەواران

باشترین شێواز بۆ روونکردنەوەی پرۆسەکان و رێوشوێنەکان و گەیاندنی زانیارییە گرنگەکان دەنگدەر بریتییە لە کۆبوونەوە و گەیاندنی راستەوخۆ. رادیۆ و تەلەفیزیۆن بە سوودن بۆ پتەوکردنی پەیامە سەرەکییەکان و بەرزکردنەوەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن. بە هەرحاڵ، ئەم جۆرە میدیایە سنووردارە بۆ روونکردنەوەی بابەتەکان.

- رابەرانی بیربۆچوون و کۆمەڵگە

پێویستە هەمیشە پەیوەندی بەستن لەگەڵ رابەرانی بیروبۆچوون بە شێوەی کۆبوونەوەی راستەوخۆ بێت. ئەمە رێگە خۆش دەکات بۆ دەست گەیشتن بە کۆمەڵگەکانیان. رابەرانی بیروبۆچوون هەروەها یاردەدەرن لە بلاَوکردنەوەی پەیامەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بەناو کۆمەڵگەکەیان دا. پێویستە لە کۆبوونەوە لەگەڵ رابەرانی بیروبۆچوون دا کەرەسەی چاپکراو و بانگەشە دابەش بکرێت، بۆ جەختکردنەوە لەوەی زانیاری ورد و راست بە کۆمەڵگەکانیان دەکەیەنن.

- دانیشتوانی گوند و لادێکان

باشترین شێواز بۆ گەیاندنی زانیاری بە دانیشتوانی گوندەکاتن بریتییە لە کۆبوونەوەی راستەوخۆ و رادیۆ، کە رەنگە هێندە دەستیان بە میدیای ئەلیکترۆنی و رۆژنامە نەگات،و پەخشی تەلەفیزیۆنەکانیان نەگاتێ.

- خەڵکانی خاوەن پێویستیی تایبەتی (کەم ئەندام)

پێویستە بابەتی تایبەتی بەرهەم بهێنرێت بۆ خەڵکی کەم ئەندام. پێویستە لەم بابەتانەدا زانیاری لەم جۆرەی تێدا بێت: کێ دەتوانێت یارمەتییان بدات، بۆ نموونە بۆ نابینا (کوێر )، لە دانانی کاغەزی دەنگدان لەناو سنووقی دەنگدان دا. پێویستە پەیامی تایبەتی داڕێژرێت بۆ هاندانی کەم ئەندامان بۆ بەشداریی. کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو رێکخراو و یەکێتییانەی کار لەسەر کەم ئەندامان دەکەن. پێویستە هەروەها بەرنامەی تایبەت بەرهەم بهێنرێت لە تەلەفیزیۆن و

[4] سەرچاوە: سەرنجەکانی UNHCR بۆ UNAMI-IDP بابەتێك لەسەر تۆمارکردنی ئاوارەکانی ناوخۆ.

رادیۆکان دا بۆ کەم وەندامان. لە هەموو کۆبوونەوەکان دا، پێویستە ئەو زانیارییانە بەسەر کەم ئەندامەکان دا دابەش بکرێت، یان بەسەر کەسوکاریان یان هاورێکانیان دا. ئەگەر بۆنەیەکت رێکخست بۆ کەمئەندامان، پێویستە جەخت لەوە بکەیتەوە کە بە ئاسانی بتوانن بگەنە ئەو شوێنە و چالاکییەکە گونجاو بێت (رەچاوی کەمئەندامێتییان بکرێت).

- کەمینەکان

پێویستە ئەو رێکخراوە ناحکومییانەی کار لەگەڵ گرووپە کەمینەکان دەکەن بە زمانی کەمینەکە چاپکراو ئامادە بکەن. هەروەها پێویستە ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ گرووپی کەمینە دەکرێت، بە زمانی کەمینەکە بێت.

### 4.5.4 داڕشتنی شێوازەکە بە رەچاوکردنی ناوچەکە و کەسەکان

پێویستە بە شێوەیەك هەڵمەتەکە داڕێژیت و هەڵبژێریت کە لەگەڵ رەوشی ناوخۆیی کۆمەڵگەکە بگونجێت وەك لە 4.5.1 دا هاتووە. چاو بخشێنەوە بە شیکردنەوەی جەماوەرەکەت دا، هەل و ئاستەنگەکان دەستنیشان بکە. چاو بە پێشنیارەکانی کۆڕبەندییەکە دا بخشێنەرەوە، ئنجا شێواز و ئامرازی خۆت دیاری بکە.

ئەوەت لە بیر بێت کە دەتوانیت پەنا ببەیتە بەر ئەو ئامرازانەی لایەنی تری هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بەکاریان هێناوە، یەکەمیشیان کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنە، کە دەتوانیت لە چالاکییەکانت دا ئەو بەرهەمانەی ئەوان چاپیان کردووە دابەش بکەیت

بۆ پێشنیاری زیاتر سەبارەت بە چالاکیی راستەوخۆ، و جەختکردنەوەی تایبەت لە شێوازەکای بەشدارییپێکردن، بڕوانە (نامیلکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن)

## 4.6 بابەت و پەیامە سەرەکییەکان: داڕشتنی ناوەڕۆکەکە

کۆڕبەندییەکە پێنج بواری دەستنیشان کردووە بۆ بابەت و بابەتی لاوەکی (فرعی)، کە پێویستە لە هەڵمەتەکەدا باسیان بکرێت. بە گوێرەی پێویستییەکانی جەماوەر داڕێژراون بە رەچاوکردنی خشتەی کات (رۆژژمێر)ی هەڵبژاردنەکان.

پێویستە لە چالاکییەکانت دا باسی هەموو بابەتەکان بکەیت، بەڵام دەتوانیت پێشەنگێتی بۆ بابەت و بابەتە لاوەکییەکان دابنێیت، ئەمەش بە گوێرەی قۆناغە کانی هەڵبژاردنەکان، ماوەی چالاکییەکان و ئەوەی چەند جار چالاکیەکان دووبارە دەکەیتەوە. رەنگە نەتوانیت خۆت لە قەرەی هەموو بابەتە لاوەکییەکان بدەیت.

### 4.6.1 ئەو بوارانەی جەختیان لێ دەکەیتەوە

– بنچیینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی: دیمۆکراسی، سەروەریی یاسا، حکومەت و حکومەتی ناوچەیی.
–چوارچێوەی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
–نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران
–پرۆسەی هەڵبژاردن

کۆڕبەندییەکە هەروەها هەندێك بابەتی تیروتەسەلی دیاری کردووە: بەشداریی هاوڵاتییان، بە جەختکردنەوە لە بەشداریکردنی ئافرەتان، ئاوارەی ناوخۆ، و گەنجان.

### 4.6.2 بابەت و بابەتە لاوەکییەکان

بە تێروتەسەلی لە (نامیلکەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن) دا باسی بابەتەکان کراوە، کە هاوکات لەگەڵ ئەم نامیلکەیەدا (نامیلکەی پلانی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن) دابەش دەکرێت. خاڵە گشتییەکانی بابەتە لاوەکییەکان باس کراوە و لە بابەتە داهاتووەکانی کۆڕبەندییەکەدا بە تێروتەسەلی باسیان دەکرێت.

- <u>بنچینەکانی ڕۆشنبیریی مەدنی</u>
  - **دیمۆکراسی، سەروەریی یاسا، و دەستور**
  - **ڕۆڵ و ئەرکەکانی حکومەت، بە حکومەتە ناوچەییەکانیشەوە (ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا).**
  - **ڕۆڵی خەڵك لە حکومەت دا، هەروەها بایەخی هەڵبژاردنەکانیش.**
    - چەمکی هاولاتێتی و بایەخەکەی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دا
    - مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانی هاولاتیان لە بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی دا
    - بایەخی بەشداریی ئافرەتان، گەنجان و ئاوارەکانی ناوخۆ (ماف بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی دا، بایەخیان لە دروستکردنی بڕیار دا، یەکسانیی ڕەگەز (نێر و مێ)و هاوسەنگیی کۆمەلایەتی)
    - بایەخی هەڵبژاردنەکان
    - چەمکی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە
    - بایەخی بەشداریکردن و دەنگدان
    - ڕۆژژمێری هەڵبژاردن لە عیراق (هەڵبژاردنەکانی پارێزگا، ریفراندۆمەکان لەسەر دەستور و ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران)

- **هەڵبژاردنەکان: <u>چوارچێوە و لایەنەکان</u>**

  - چوارچێوەی هەڵبژاردن: پرەنسیپەکان، چصوارچێوەکە لە عیراق

    - دەستوری عیراق
    - یاسای (کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بالاّی هەڵبژاردنەکان)، یاسای (ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمی یێك دا ڕێك نەخراون) و یاسای تری پەیوەنددار بە بوارەکانی هەڵبژاردنەوە
    - ڕەشنووسی یاسای هەڵبژاردن / ریفراندۆم
    - ڕێسا و ڕێوشوێنی تر کە لە لایەن کۆمیسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەزگای تری یاساییەوە دەرچوون کە کاریگەرییان لەسەر پیادەکردنی هەڵبژاردنەکان هەیە[5].
    - سیستم و پرۆسەکانی هەڵبژاردن
      - سیستەمی لیستی کراوە/داخراو
      - چۆن دەنگەکان دەگۆڕدرێن بۆ ژمارەی کورسی
      - سیستەمی کووّتا (کورسی تەرخانکراو) بۆ ئافرەتان
  - لایەنەکانی بواری هەڵبژاردن
    - پرەنسیپەکان: پاڵێوراوان (کاندید) و دەنگدەران
    - دەسەلاّتی هەڵبژاردن: کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بالاّی هەڵبژاردنەکان

---

[5] لە وێبسایتی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بالاّ دا هەن، بڕوانە: http://www.ihec.iq/laws&of-Ihec&iraq/laws,Ihec/A3.htm

- ئەرك، رۆڵ، و کارەکان، و پەیکەربەندیی (هیکلیە)ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ئاستی پارێزگاکان و وڵات دا
- سەربەخۆیی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان
- رێوشوێن، رێساکانی کۆمیسیۆنی باڵا ، و ئادابی گشتیی (رێساکانی رەفتار، قواعد السلوك)
- چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە
- مافەکان، رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوان و قەوارە سیاسییەکان
    - رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی قەوارە سیاسییەکان و پاڵێوراوان
    - مافەکانی قەوارە سیاسییەکان و پاڵێوراوان
    - رێساکانی رەفتار بۆ پارتە سیاسییەکان
- مافەکان، رۆڵ، و بەرپرسیارێتییەکانی هەڵبژاردن بۆ لایەنی تر: میدیا، چاودێران، دادوەریی
- رۆڵی تۆ وەك هاوڵاتییەك

- **هەڵبژاردنەکان: <u>پرۆسەکە (جەختکردنەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی داهاتوو)</u>**

**○ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران**

- چۆن لیستی کاتی تۆماری دەنگدەران دروست کرا؟ کۆبۆنی دابەشکردنی خۆراك
- نوێکردنەوە، چییە و بۆچی؟ جەختکردنەوە، زیادکردن، راستکردنەوە، ئەو کەسانەی چی تر شایستە نین
- بایەخی جەختکردنەوە لە تۆمارکردنی ناوت
- شێوازی پراکتیکی: کەی، لە کوێ، چۆن، ئەو بەڵگەنامە و ناسنامانەی پێویستە پێت بێت
- جەختکردنەوەی تایبەتی لە ئاوارەی ناوخۆ، ئافرەت و ژنان، لاوان، کەم ئەندام – لە کوێ و چۆن
- سزا و غەرامە لەسەر ساختەکردن لە تۆمار دا
- پرۆسەکانی سکاڵا و تێهەڵچوونەوە، کەی، لە کوێ، چۆن، کێ دوایین بڕیار دەدات
- مافەکان، رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی چاودێران و نوێنەری پارتە سیاسییەکان لە بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دا

**○ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان (کاندید)**

- پێکهێنان، تۆمارکردن و پەسەندکردنی قەوارە سیاسییەکان، هاوپەیمانێتییەکان، و پاڵێوراوان
- دەستنیشانکردن و پەسەندکردنی پاڵێوراوان – کێ دەتوانێت خۆی بپاڵێوێت–چۆن خۆت دەپاڵێەیت
- سکاڵا–تێهەڵچوونەوە– ئاستەنگەکان و نارەزایی–کەی، لە کوێ، چۆن، ماوەکەی، دوایین بڕیار
- ئەندامێتی لە قەوارە سیاسییەکان، مانیفێست
- رۆڵی قەوارە سیاسییەکان لە ماوەی هەر قۆناغێکی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دا (تۆمارکردن، ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن، هەڵبژاردنەکان، دوای هەڵبژاردنەکان)

**○ دەنگدان**

- لە کوێ، کەی، چۆن، و ئەو بەڵگەنامانەی پێویستە پێت بێت
- بایەخی دەنگدان

- چۆن کاغەزی دەنگدانەکە نیشانە دەکەیت (نیشانە دانان)
- دەنگدان بە نهێنی
- کەتن و سزاکان، سکالاْ و تێهەڵچوونەوە
- بایەخی هەڵبژاردنێکی بێ زەبروزەنگ
- رۆڵی چاودێران و نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان

○ ژماردن

- ئەو دەنگانەی شێواون (ناشایستەن، غیر صالح)، رەفزکراون
- پرۆسەکانی ژماردن و کۆککردنەوە لە ئاستی جۆراوجۆر دا (بنکەی دەنگدان، نووسینگەی هەڵبژاردن لە قەزا، پارێزگا و بنکەی نیشتمانیی ژماردن)
- راگەیاندنی ئەنجامەکان و دەستنشانکردنی براوەکان
- قبوڵکردنی ئەنجامەکان

### 4.6.3 دارشتنی پەیام

پەیام و ناوەرۆکە بنەڕەتییەکان داڕێژراون وەك هاوکاری و بۆ رێنمایکردنی رێکخراوە ناحکومییەکان لە دارشتنی ناوەرۆك و پەیامی تێروتەسەل کە بۆ چالاکیەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بەکاری بهێنن. ئەم پەیامانە لە دووتوێی (نامیلکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن)دان. لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە پێداچوونەوەیان دەکرێت و نوێ دەکرێنەوە.

دارشتنی پەیام زۆر لە نزیکەوە پەیوەستە بەو شێواز و چالاکییانەوە کە رێکخراوەکە ئەنجامی دەدات. پێویستە ئەمانەت دەستنیشان کردبێت (بڕوانە سەرەوە– 4.5 شێوازەکان) پێش ئەوەی بتوانیت بە تەواوەتی پەیامەکان و ناوەڕۆکەکە دابڕێژیت.

#### 4.6.3.1 چوارچێوەکە

لە دارشتنی ئەو پەیامانەی لە چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا بەکاریان دەهێنیت، زۆر گرنگە لەو بابەت و بابەتە لاوەکییانەوە دەست پێبکەیت کە لە (پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن) دا و لە (نامیلکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن)دان. نامیلکەکە پەیام/زانیاری سەرەکی لەخۆ دەگرێت بۆ هەر یەکێك لە بابەت و بابەتە لاوەکییەکان.

بۆ زانیاریی یاسایی و تەگنیکی، زۆر گرنگە رێز لەو زانیارییە فەرمییانە بگریت کە کۆمیسیۆنی بالاْ بلاْویان دەکاتەوە.

#### 4.6.3.2 دارشتن و رێکخستنی پەیام

پێویستە ئەو پەیامە سەرەکیانەی لەم نامیلکەیەدا هاتوون دەستنیشان بکەیت و پێشەنگێتییان بۆ دابنێیت، بە گوێرەی جەماوەرەکەت. هەروەها پێویستە چۆنیەتی پێشکەشکردنی پەیامەکان و ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنیت رێك بخەیت – کە لەم نامیلکەیەدا بە زمانێکی فەرمی و رینمایی داڕێژراون. رەنگە وا پێویست بێت بیرۆکەکان سادە بکەیتەوە، بە گوێرەی بارودۆخەکە وشەکان دەربڕە.

شیکردنەوەی جەماوەر، کە پێشتر ئەنجامت داوە (بڕوانە سەرەوە، 4.4 رووپێوی جەماوەر: دۆزینەوەی هەڵوێستەکان، دەستنیشانکردنی کەسانی کاریگەر) وەك پێویست ئەو نیشاندەرانەیان پێشکەش کردوویت کە بۆ دارشتنی پەیماکەت بۆ جەماوەرکە پێویستت پێ دەبێت.

پێویست ناكات بۆ هەر جەماوەرێك ناوەڕۆكێكی تازە دابڕێژیت، ڕەنگە پەیامەكەت پێویستی بە گۆڕانكارییەكی كەم هەبێت لە جەماوەرێكەوە بۆ جەماوەرێكی تر، تۆ جەخت دەخەیتە سەر هەندێك خاڵی سەرەكی، ڕەنگە بە سادەیی باسیان بكەیت یان بە تێروتەسەلی، بۆ ئەوەی سەرنجیان رابكێشیت، دەربڕین و بابەتی سەرنج ڕاكێش بەكاردەهێنیت.

### 4.6.3.3 داهێنان لە داڕشتنی ناوەڕۆكەكەدا

دیمۆكراسی، هەڵبژاردنەكان، و بەرپرسیارێتی مەدەنی، هەموویان چەمك و بیرۆكەی ئاڵۆ و جددین. لەگەڵ ئەمەش دا، نابێت ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن خەڵك بێزار بكات. پێویستە وا لە جەماوەرەكەت بكەیت بە باشی بەشداریی بكەن، و بە شێوەیەكی ئەوتۆ باسی چەمك و یاسا و ئەركەكان بكرێت كە مانابەخش بن و هەست بكەن بابەتەكە پەیوەستە بە ژیانیانەوە و كاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەیە.

دوودڵ مەبە لەوەی بە شێوەیەكی داهێنەرانە ناوەڕۆكەكە/پەیامەكان دابڕێژیت. بۆ ئەوەی كاریگەری پەیامەكانت و داهێنانی خۆت پتەوتر بكەیت پەنا ببە بەر (وروژانی هزر، عصف ذهني) . ئەو كەسەی بەرپرسە لە داڕشتنی پەیامەكان بانگ بكە، بە شێوەیەكی "داهێنەرانە" ئەگەر ئەم كەسە مامۆستایەكی ئاسایی بێت، لەگەڵ ئەو كەسەش كە لە نزیكەوە ئاشنای جەماوەرەكەیە. جەخت بكەرەوە لەوەی تێدەگەن لەو ناوەڕۆك و بابەت و بابەتە لاوەكییانەی بۆ جەماوەرەكە دادەڕێژرێت، لە ڕێی خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەی (نامیلكەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن) و شیكردنەوەی جەماوەرەكەوە. ئنجا ئازادییان بدەرێ بۆ پێشكەشكردنی بیرۆكەی نوێ. وەك ڕێسایەك، هەوڵ بدە پەیامەكان سادە بن، كورت بن و دووبارەیان بكەرەوە.

بە شێوەیەكی نموونەیی، ڕەنگە بتەوێت پەیامەكەت/ناوەرۆكەكە بەسەر گروپی هەڵبژێردراو (فۆكەس گرووپ) دا تاقی بكەیتەوە (بڕوانە 4.4.2 ئەنجامدانی رووپێوێكی بنەڕەتیی جەماوەرەكە) ئەگەر كات و سەرچاوەت لەبەر دەست نەبوو، بە شێوەیەكی سادە كارایی و كاریگەری پەیامەكانت دوای یەكەمین چالاكییەكان هەڵبسەنگێنە: كاردانەوە لە بەرامبەر بەرنامە ڕادیۆییەكە چۆن بوو؟ بۆچوونی خەڵكەكە چی بوو سەبارەت بە كۆبوونەوەكە یان سیمینارەكە؟

### 4.7 سەرچاوەكان

بۆ ئامادەكردنی چالاكییەكانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاتردن، هەندێك سەرچاوەت لەبەر دەستە، بێجگە لەم نامليكەيە (پلانی نیشتمانیی بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن)، وەك:

- **نامیلكەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن**،كۆڕبەندییەكە دایڕشتووە، بریتییە لە پوختەیەك سەبارەت بە ناوەڕۆكە بنەڕەتییەكانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن، هەروەها ڕێنمایی سەبارەت بە پلاندانان و داڕشتنی چالاكییە ڕاستەوخۆكانی پەیوەندی بەستن بە جەماوەرەوە، و بنچینەكانی شێوازی بەشدارییپێكردن
- **كەرەسەكانی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان** : نامیلكەكان، پاشینەكان، ئە پرسیارانەی زۆر دووبارە دەكرێنەوە، كتێب، ڕێنامیی، و ڕێنوێنی. كە ئەمانە بریتیین لە **بەڵگەنامەی سەرچاوە** بۆ خۆئامادەكردن، بۆ بەكارهێنانیان لە چالاكییەكانت دا، یان بۆ دابەشكردنیان بەسەر جەماوەرەكەدا.
- **وێبلسایتی كۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاتردنەكان** ( www.ihec.iq)، لێرەدا هەموو بابەتەكان و بەڵگەنامە یاساییەكان و ڕێوشوێن و ڕێساكان بلاْوكراوەتەوە، سەرەڕای دوایین زانیارییەكان سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەكان
- **وێبسایتی كۆڕبەندی** ( www.eefiraq.org) ، زانیاری و بەڵگەنامە سەبارەت بە هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن بلاْوكراوەتەوە.

## 4.8 جێبەجێکردن

هەمیشە لە قۆناغی جێبەجێکردنی چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا جەخت بخەرە سەر گونجاندنی چالاکییەکانت لەگەڵ قۆناغی هەڵبژاردنەکەدا، و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە بەشدارەکانی تر بکە.

### 4.8.1 ریزگرتن لە قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکان

پێویستە جەخت لەوە بکەیتەوە کە کاتبەندی (توقیت)ی جێبەجێکردنەکە تەبایە لەگەڵ قۆناغە سەرەکییەکانی رۆژژمێری پرۆسەی هەڵبژاردن دا، و بە رەچاوکردنی ئەم خاڵە پەیامەکەت هەڵبژێرە، بۆ ئەوەی زانیارییەکان وڵامدانەوەی ئەو قۆناغەی هەڵبژاردنەکە بن.

فەرمانگەی گەیاندنی جەماوەریی لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ستراتیجەکەی دا چوار قۆناغی بۆ هەڵبژاردنەکان دەستنیشان کردووە. لە هەر قۆناغێك لەو قۆناغانەدا پەیامە سەرەکییەکان و چوارچێوەی کاتەکە دەستنیشان دەکرێت و هەموو ئەو بابەتانەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵا لە میدیا دا پەخشی دەکات یان چاپی دەکات ئەو چوارچێوەی کاتە بۆ دابەشکردنی پەیامەکە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بە هاوکاتی و تەبایی کار بکەن.

قۆناغەکانی هەڵمەت بریتین لە: ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، ماوەی دیاریکردنی پاڵێوراوان، ماوەی هەڵمەت و رۆژی دەنگدان، لەگەڵ پرۆسەی ژماردن و راگەیاتندنی ئەنجامەکان.

بۆ جەختکردنەوە لە تەبایی و پابەندیت بە قۆناغەکانی هەڵبژاردنەوە، دەتوانیت ئەم رێنماییە پراکتیکییەی خوارەوە بەکاربهێنیتو کە ئاماژەیە بە (نامیلکەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن) (هەروەها بڕوانە 4.6.2 بابەت و بابەتی لاوەکی)، بۆ بڕیاردان لەسەر ناوەڕۆکی چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن. ئەمانە لەسەر ئەم گریمانانە دامەزراون: چالاکیی رووبەڕووی راستەوخۆ بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ جەماوەر، و لە ماوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دا تەنها یەك جار یان دوو جار لەگەڵ هەمان گرووپ کۆبوونەوە ساز دەکرێت.

**پێش و لە ماوەی پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دا**

- بنچینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی ( بە سیستمی فەرمانڕەوایی–حوکومی–ناوچەیی، واتە ئەو دەزگایانەی هەڵدەبژێردێن)
- هەڵبژاردن، چوارچێوە و لایەنەکان (پرەنسیپەکان+ تەنها کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان، تا ئەو کاتەی یاسای هەڵبژاردنەکان رادەکەیەنرێت، و نامیلکەکە نوێ دەکرێتەوە)
- نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران

**دوای ماوەی پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دا**

- بنچینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی ( بە سیستمی فەرمانڕەوایی–حوکومی–ناوچەیی، واتە ئەو دەزگایانەی هەڵدەبژێردێن)
- هەڵبژاردن، چوارچێوە و لایەنەکان (پرەنسیپەکان+ تەنها کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان، تا ئەو کاتەی یاسای هەڵبژاردنەکان رادەکەیەنرێت، و نامیلکەکە نوێ دەکرێتەوە)
- هەڵبژاردنەکان –پرۆسەکە (بە جەختکردنەوە لە دەنگدان)

**پێش و لە ماوەی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان**

- بنچینەکانی رۆشنبیریی مەدەنی ( بە سیستمی فەرمانڕەوایی–حوکومی–ناوچەیی، واتە ئەو دەزگایانەی هەڵدەبژێردێن)
- هەڵبژاردن، چوارچێوە و لایەنەکان (پرەنسیپەکان+ تەنها کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، تا ئەو کاتەی یاسای هەڵبژاردنەکان رادەگەیەنرێت، و نامیلکەکە نوێ دەکرێتەوە)
- هەڵبژاردنەکان –پرۆسەکە (بە ناوهێنانی دەستنیشانکردنی پاڵێوراونەوە)

**پاش ماوەی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان**

- بنچینەکانی ڕۆشنبیریی مەدەنی ( بە سیستمی فەرمانڕەوایی —حوکومی–ناوچەیی، واتە ئەو دەزگایانەی هەڵدەبژێردێن).
- هەڵبژاردن، چوارچێوە و لایەنەکان (پرەنسیپەکان+ تەنها کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان، تا ئەو کاتەی یاسای هەڵبژاردنەکان رادەکەیەنرێت، و نامیلکەکە نویٚ دەکرێتەوە)
- هەڵبژاردنەکان —پرۆسەکە (دەنگدان و ژماردن، بە جەختکردنەوە لە دەنگدان)

ژماردن

جەختکردنەوە لە ژماردن و قبوڵکردنی ئەنجامەکان

### 4.8.2 سوودەکانی هەماهەنگی

هەماهەنگی و بەکارهێنانی زانیاری و سەرنج و خاڵەکانی بەهێزیی لایەنە بەشدارەکانی تر یارمەتیت دەدەن لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانت دا. پێویستە زۆر بە باشی سوود وەربگریت لە (لیژنەکانی پارێزگا بۆ ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن)، وەك میکانیزمێك بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ کۆڕبەندییەکە لە پارێزگاکەت دا، و لەگەڵ نووسینگەی هەڵبژاردنی سەر بە کۆمیسیۆنی باڵا لە پارێزگاکەت دا

پێویستە هەماهەنگییان لەگەڵ بکەیت، لە بواری:

- پەیامەکەت — بۆ بەدەستهێنانی نوێترین زانیاری، جەختکردنەوە لە پێکەوە کارکردنی هەموو پەیامەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن.
- بۆ کەرەسەکان— بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەرەسانەی لە لایەن هەموو لایەنە بەشداربووەکانەوە بەکاردەهێنرێت چوونیەك و ستاندارد بن، و و بەدەستهێنانی چاپەمەنییەکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵا، هەروەها ئۆدیۆ و ڤیدۆکانی بۆ بەکارهێنانیان و دابەشکردنیان.
- لەسەر پلانەکانی جێبەجێکردن— بۆ ئەوەی هیچ جەماوەرێکی جێی ئامانج لەبیر نەچێت و هەروەها لە هیچ شوێنێك دا هەموو چالاکییەکان چڕ نەکرێنەوە، یان پەیوەندی لەگەڵ بەشدارانی نوێ ببەسترێت بۆ ئەوەی کاریگەری چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن پتەوتر و بەهێزتر بکرێت.
- لەسەر باشترین شێوازە پەیڕەوکراوەکان و وانەکان— بۆ جەختکردنەوە لەوەی هەمووان سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن بۆ چاکترکردنی بەرنامەکان.
- بۆ ئەوەی ئەنجامی ئامادەبوونی جەماوەرەکە لە چالاکییەکانت بگەیەنیت بەوانەی تر و بەرەوپێشچوونی گشتیی هەڵمەتەکە لەسەر ئاستی وڵات نوێ بکرێتەوە.

### 4.9هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە

زۆر گرنگە لە کاتی جێبەجێکردنی چالاکییەکانت دا، بە ڕاستگۆییەوە کاریگەرەکەیان هەڵبسەنگێنیت، مەزەندەی ئەو دەسکارییانە بکەیت کە دەبێتە مایەی چاکترکردن و بە گوێرەی ئەمەش گۆڕانکاری لە شێوازە پەیڕەوکراوەکەدا بکەیت.

وا پەسەندە پرسیار لەو کەسانە بکەیت کە لەچالاکییەکانت دا ئامادە دەبن، با ئەوان هەڵیبسەنگێنن. دەتوانیت داوایان لێبکەیت فۆرمێك (ڕاپرسسیەك) لەو بارەیەوە پڕبکەنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕەزامەندییان، ئەو شتانە کامانە بوون کە سەرکەوتوو بوون و کامانەیان سەرکەوتوو نەبوون، یان دەتوانیت تەکنیکی تر بەکاربهێنیت، بۆ نموونە دانانی (تەختە، بۆردی هەڵسەنگاندن) لە شوێنی چالاکییەکە و داوا لە بەشداربووان بکەیت هەڵسەنگاندنەکەی لەسەر بنووسن. دواجار، تاوتوێیەکی نافەرمییش بیروبۆچوون و سەرنجی پڕبەهات لەسەر کاریگەری چالاکییەکان بۆ دابین دەکات.

# پوختە

پلانی نیشتمانی بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن نامیلکەیەکی کراوە و زیندووە. لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە نوێ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی داتا و بیرۆکەی نوێی بۆ زیاد بکرێت، زانیاری نوێ لەسەر رێسا و رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن کاتێك بڵاّودەکرێنەوە، لەمەش گرنگتر ئەو سەرنج و بۆچوونانەی لە لایەن ستافی GEO و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە کۆدەکرێنەوە و ئەزموونە سەرکەوتووەکان و باشترین شێوازی پیادەکراو، کە لە سەرتاسەری عیراق دا پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن.

# پەیماننامەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن

ئێمە .................................... (ناوی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکە)، کار لەسەر ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دەکەین، پابەندین بە ڕێزگرتن لە پەیماننامەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنەوە.

**پێشەکی**

ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی لە عیراق کار دەکەن پابەندن بە پەرەسەندنی خەڵکەوە، بە گەشەسەندنی ئاستی ژیانیشیانەوە، و پەرەدان بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیەوە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی زەرەمەند بوون یان پەراوێزخراون.

پەیماننامەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن خۆتەرخانتکردنی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە پیشان دەدات کە لە بواری ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانیان بە ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی بەهاکان، پرەنسیپەکان، و چۆنایەتییەوە، و بۆ جەختکردنەوە لەوپەڕی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ حکومەت، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، جەماوەری گشتی، و لایەنی تری بەشدار.

پەیماننامەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن بۆ ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن لە عیراق یان (پەیماننامە) کە لێرە بە دواوە وای پێدەگوترێت، لە دوو بەش پێك دێت. ئەم دوو بەشە بریتین لە **پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ڕەفتار و مادەکان**. پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ڕەفتار بریتین لەو نەریت و پرەنسیپانەی کە پێویستە پێیانەوە پابەند بین، و مادەکان بریتین لە هەندێك پابەندیی دیاریکراو لە بواری هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن) دا.

**پێناسەکان**

1. پەیماننامە: بریتیە لە ژمارەیەك نەریت، پرەنسیپ و بەها بۆ دانانی ستاندارد بۆ ڕەفتار، کار، و هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە ناحوکمییەکان، و ڕێکخراوە ناحکومییەکان وەك ڕێکخراوی خۆبەخش، قازانج-نویست، خۆ-نەویست (خزمەت پێشکەشی خۆی ناکات)، ناتحکومی، دەناسێنێت کە سەر بە هیچ پارتێکیش نین و یەربەخۆن، و کار بۆ دادپەروەری کۆمەلآیەتی و گەشەسەندن دەکەن.
2. هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن: ئاماژەیە بە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ڕۆشنبیریە هەڵبژاردن.
3. ڕێکخراوەگانی کۆمەڵگەی مەدەنی: ئاماژەیە بە دەزگا، گرووپ، و یەکێتی جۆراوجۆر کە لە لایەن هاولآتیانەوە پێکهێنراون بۆ بابەتەکانی کۆمەلآیەتی، سیسای، و ژینگەیی. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش دەگرێتەوە، هەروەها یەکێتی (اتحادات) و سەندیکا، پارتە سیاسییەکان، کۆڕبەندی عەشایەری، دەزگا ئەکادیمییەکان، بنکەی لێکۆڵینەوە، و هەروەها ئەو تۆڕبەندییانەی نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن.
4. کۆڕبەندی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن: لەلایەن پرۆژەی هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردنەوە دامەزراوە، لە ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و 19 ئەندامی کۆمەڵگەی مەدەنی پێك دێت.
5. پلانی نیشتمانیی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن: لە لایەن کۆڕبەندیەوە داڕێژراوە، و ئەمانە لەخۆ دەگرێت: بابەتەکان، ئەو گرووپلنەی جێی ئامانجن، شێوازی فێرکاری، و پەیامەکان بۆ هەڵمەتی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن.
6. ناحزبی و سەربەخۆ: ئاماژەیە بەوەی ڕێکخراوی ناحکومی لە لایەن دامەزرێنەرەکانییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەڕێوە دەبرێت و بە گوێرەی ئەرکەکانی کار دەکات و پابەندە بە بەهاکانی کۆمەڵگە و بەرپرسیارێتی و پابەندییەکانییەوە.
7. واژۆکاران (ئەوانەی ئیمزایان کردووە): ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەن کە نوێنەرەکانیان ئەم پەیماننامەیان ئیمزار کردووە و ڕەزامەندییان لەسەر داوە.
8. "ئێمە": ئاماژەیە بە هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی ئەم پەیماننامەیەیان ئیمزا کردووە.

مەبەستی پەیماننامەکە:

پەیماننامەکە:

- جەخت لە شەفافییەت و بەرپرسیاربوون ( مساءلة) ی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکاتەوە لە ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دا،
- چاکترکردنی جۆری ئەو خزمەتگوزارییەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێشکەشی دەکەن لە ڕێی یاریدەدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ تەبەننیکردنی ستانداردی بەرزی ڕەفتار،
- گەشەدان بە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنە بەشدارە جۆراوجۆرەکان،
- چاکترکردنی ئاستی کارکردن (ئەدا)ی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕێی هاندانی ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکانیان لەگەڵ یەکتری و فێربوون لە یەکتری لە باشترین ئەو شێوازانەی باشترینن.

پەیماننامەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دەخرێتە پێش ڕێکخراوەکان، دەزگا حکومییەکان، کۆمەڵگە ئامانجەکان و جەماوەر  بە گشتیی بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەک و وەک ڕێنمایی بەکاری بهێنن.

پرەنسیپە گشتییەکانی ڕەفتار:

1. جەخت خستنە سەر هاوڵاتیانی عیراق
   1.1. کۆششی ئێمە ئامرازێ:ە بۆ جەختکردنەوە لە نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی گیانی ویست (ارادە)ی ئازادی خەڵکی عیراق.
   1.2. بەرنامەکانی ئێمە بە کاری هاوبەش و بەشداری هەموو خەڵکە پەیوەندارەکان پلانیان بۆ دادەنرێت و جێبەجێ دەکرێن.
   1.3. ئێمە ڕێز لە مافەیکانی مرۆڤ و پرەنیسپەکانی دیمۆکراسی دەگرین و بەرز رایان دەگرین بە مافی بەشداریی سیاسی و مافی دەربڕینی بیرورا بە ئازادی.
   1.4. ئێمە پابەندین بە پشتگیریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە، وەک یەکێك لە گرنتگترین نیشاندەرەکانی دیمۆکراسی، ڕەوایەتی حکومەت و وەك بەشدارییەکی گرنگ لە گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە.
   1.5. ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە بەشداریی بەرفراوانی جەماوەر بریتییە لە نیشاندەری سەرەکیی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و گرنگترین فاکتەری بەرەوپێشچوونی دیمۆکراسی و جەختکردنەوە لە ڕەوایەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.
2. دانپێدانان بە چوارچێوەی یاسایی عیراقی دا
   2.1. ئێمە بە گوێرەی دەستور، یاساکان، ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی حکومەتی عیراق کار دەکەین.
   2.2. ئێمە، بە گوێرەی دەستوری عیراق، دان بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دا دەنێین وەك تاکە دەزگایەکی یاسایی و نیشتمانی بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان و بایەخەکەی لە پرۆسەی دیمۆکراسی عیراق دا.
   2.3. ئێمە ڕێز لە ڕۆڵی دەستوریی کۆمیسیۆنی باڵا دەگرین، هەروەها لە ڕێساکانی، ڕێوشوێنەکانی، و بڕیارەکانی.
   2.4. ئێمە دان بە مافی دەستوریی کۆمەڵگەی مەدەنی عیراقییەکان دا دەنێین لە بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی دا. ئەم مافە پشتئەستوورە بە بەهاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە بانگێشت بۆ بەشداریی برەفراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.
   2.5. ئێمە دان دەونێین بە بایەخی بەشداری و هاوکاری نێوان کۆمیسیۆنی باڵا و کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و دەزگاکانی یاسادانان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا و پابەندین بە سەرکەوتنی ئەم جۆرە هاوبەشییەوە.

3. دادپەروەری، بێلایەنی، و ئینساف

3.1. ئێمە شێوازی ناحزبی، بێلایەن، و دوور لە زەبروزەنگ بەکاردەهێنین لە ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا و لە چوارچێوەی یاسا و رێساکانی کۆمیسیۆنی باڵادا.

3.2. ئێمە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بۆ بانگەشە بۆ هیچ حزبێکی سیاسی یان ئەجێندایەك بەکارناهێنین  کە پەیوەست بێت بە هی حزبە سیاسییەکان ئنجا ئاخۆ بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکان دا یان نا. ئەمە هەروەها بریتییە لە بەکارنەهێ،انی سەرچاوەکانیان، رەمزەکانیان، شوێن و پلاتفۆرمەکانیان یان هەر شتێکی تر کە پەیوەست بێت پێیانەوە لە پرۆسەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا.

3.3. ئێمە بە دادپەروەرییەوە کار دەکەین و هانی دەدەین، بە بێلایەنی و ئینسافەوە لە هەموو چالاکییەکانمان دا و لە مامەڵەمان لەگەڵ پارتە سیاسییەکان، لایەنەکانی کۆمەڵگە و هەروەها لەگەڵ جەماوەرە گشتییەکەدا. ئێمە دژی هیچ توێژێکی هاوڵاتیانی عیراق جیاکاری (تمییز) بەکارناهێنین و چالاکییەکانمان لە بواری رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا بە دادپەروەریی بە هەموو کەرتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەکەمان دەگەیەنین.

3.4. پەیامەکان و چالاکییەکانمان هیچ جۆرە ئاماژەیەکی تایەفەگەری، حزبایەتی، و ئیسنی لەخۆ ناگرێت. لە کەرەسەکانی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردنەکان دا هانی هیچ ئایدۆلۆژیایەك نادەین و هیچ سیبۆڵێکی ئیسنی، حزبایەتی، یان تایەفەگەری بەکار ناهێنین.

3.5. پەیامەکانمان و چالاکییەکانمان لە دووتوێی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا بە شێوەی ئاشتیخوازانە و بێ زەبروزەنگ دەبێت. ئێمە هیچ روخسارێکی چەکدارانە پیشان نادەین و هیچ وشەیەك بۆ هاندانی زەبروزەنگ بەکارناهێنین. لە جیاتی ئەمە پەیامەکانمان  و چالاکییەکانمان هانی بەشداریی چالاك و ئاشتیخوازانە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا دەکەین و بەکارهێنانی شێواز، پەیام و سەرچاوەی زەبروزەنگ  قەدەغە دەکەین.

4. پابەندی ئەخلاقی و نەزاهەت

4.1. ئێمە پابەندین بە رێزگرتن و بەرز راگرتنی ئەخلاقییات و بەهای بەرز لە کاتی جێبەجێکردنی چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا.

4.2. ئێمە لە هەموو چالاکییەکانمان دا جێی متمانە دەبین و حۆمان لەو کارانە دەپارێزین کە ئەخلاقییات و بەهاکانی رێکخراوەکەمان دەخەنە مەترسییەوە.

5. شەفافییەت و بەرپرسیاربوون

5.1. ئێمە لە مامەڵەمان لەگەڵ حکومەت، کۆمیسیۆنی باڵا، جەماوەر، کۆمەکبەخش و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دا بە شەفافییەت و بەرپرسیاربوونەوە دەبێت.

5.2. ئێمە بە راستگۆییەوە حساباتمان بەڕێوە دەبەین و بە باشترین شێوە کاروبارە داراییەکان ئەنجام دەدەین بۆ جەختکردنەوە لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە گوێرەی مەبەستە دیاریکراوەکان.

5.3. ئێمە پابەند دەبین بە پرەنسیپەکانەوە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە کارایی لە رێکخراوەکەمان دا و لە کۆمەڵگە ئامانجەکان دا.

5.4. هەموو مامەڵەکانی رێکخراوەکەمان خاڵی دەبێت لە هەموو بەرژەوەندییەکی کەسیی و پسپۆڕی.

6. هاوبەشی و هاوکاری

6.1. ئێمە ژینگەیەکی هەرەوەزی و هاوکاری دروست دەکەین لە کارەکانمان دا و پەیوەندی پتەو و پشتگیری ساز دەکەین بۆ باشترین بەرژەوەندی رێکخراوەکەمان و جەماوەرە ئامانجەکە. ئێمە هانی هاوکاری، تەبایی، و گیانی (یەك تیم)ی دەدەین لە ناو و دەرەوەی کەرتەکەدا.

6.2. ئێمە پشتگیری لە کارلێکی پۆزەتیڤی نێوان خەڵك دەکەین لە بواری رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا و بە بەکارهێنانی توانا و ئەزموونی ناوچەیی بەشداریی بە هاوڵاتیان دەکەین لە کۆمەڵگەکالن دا لە بواری رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا.
6.3. ئێمە زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەین، هەروەها ئەزموون و سەرچاوەکان بە گوێرەی پەیامەکەمان بە رەچاوکردنی هاندان، فێربوون، و تێگەیشتنی هاوبەش لە ناو و دەرەوەی کەرتەکە.
6.4. ئێمە پابەندین بە دامەزراندنی کارێکی نیشتمانیی یەکگرتووەوە بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە رێی هەماهەنگی کارە هاوشێوەکانەوە.
6.5. ئێمە بە جددی کار دەکەین و بە چالاکانە چاودێریی کارایی هەڵمەتەکە دەکەین لەسەر گرووپە ئامانجەکان لە رێی هەماهەنگی کارەکانمان لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵا و لیژنەی پارێزگاکان دا.

7. رەگەز، قوربانیانی زەبروزەنگ، و پەککەوتە
7.1. ئێمە کار بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانیی رەگەز (نێر/مێ) دەکەین و هەوڵ دەدەین جەخت لە بەشداریی یەکسانی ژنان بکەینەوە لە هەموو چالاکییەکانمان دا. ئێمە پابەندین بە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی لەسەر زەروورەتی بەشداری کارا و بەرفراوانی ئافرەتان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دا.
7.2. پەیامە بێلایەنەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بە هەموو قوربانیانی زەبروزەنگ و تیرۆریزم دەگەیەنین (بە ئاوارەی ناوخۆ، و کەسوکاری شەهیدان و ئەو کەسانەی هێرشە تیرۆیستییەکان کاریگەری سایکۆلۆجی و جەستەیی لەسەریان هەبووە)، جەخت دەکەینەوە لەوەی ئازارەکانیان و مەینەتییەکانیان بۆ پەیام بەکار ناهێنرێت و بەشدارییان پێدەکەین بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە کە بواریان بۆ ئاسان بکاتەوە بۆ بەشداری لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دا.
7.3. ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە  سەرچاوەی پێویستی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بۆ خەڵکی پەککەوتە دابین بکەین. ئەمە بە رەچاوکردنی ئاستی جۆراوجۆری مەعریفەی گرووپەکان و داڕشتنی پەیام و شێوازی تایبەتی بۆ کەم ئەندامان.

**مادەکان**

**مادەی یەك: پەیوەندی لەگەڵ کۆڕبەندی رۆشنبیریی هەڵبژاردن**
1.1 ئێمە دان بە کۆڕبەندی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا دەنێین وەك بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە رێی دابینکردنی رێنمایی ستراتیجی و ستانداردەکانی پەیامی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بە تەبایی لەگەڵ رۆژژمێری هەڵبژاردنەکان.
1.2 ئێمە پابەند دەبین بە هاوکاری بەردەوام لەگەڵ کۆڕبەندییەکە بە درێژایی ماوەی جێبەجێکردنی چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن. ئەمە هەروەها بریتی دەبێت لە نووسینی راپۆرت و سەرنج و بیروبۆچوون لەسەر جێبەجێکردنی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردنەکە بەو شێوەیەی داواکراوە و هەروەها بە بەشدارپێکردنی ئەندامانی کۆڕبەندییەکە لە چالاکییەکانمان دا.

مادەی دوو: پابەندی بە پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن
2.1 ئێمە دان بە پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا دەنێین، کە لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە وەك بەڵگەنامەیەك پەسەند کراوە بۆ رێکخستنی جێبەجێکردنی چالاکییەکانمان لە دووتوێی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن و دان بە زەروورەتی دا دەنێین.
2.2 ئێمە پابەندین بە داڕشتنی پەیامەکانمان و رێکخستنی چالاکییەکانمان بە تەبایی لەگەڵ پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن و ناوەڕۆکەکەی. ئەمە هەروەها بریتییە لە پلانی بابەتەکانی، بابەتە لاوەکییەکان، گرووپە ئامانجەکان، شێوازەکان و پەیامەکان.
2.3 ئێمە پلانی نیشتمانیی رۆشبیریی هەڵبژاردن بە سەرچاوەیەك بۆ رێنمایی کارەکانمان دادەنێین لە رۆشچنبیریی هەڵبژاردن دا.

2.4 ئێمە دەزانین پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن "نامیلکەیەکی زیندووە" و ناوبەناو پێداچوونەوەی دەکرێت و نویێ دەکرێتەوە لە لایەن کۆڕبەندییەوە و پابەندین بە جێبەجێکردنی چالاکییەکانمان بە گوێرەی گۆڕانکارییەکان و ئەو نوێکردنەوانەی تێیدا ئەنجام دەدرێت.

مادەی سێ: لیژنەکانی سەر بەپارێزگاکا بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن

3.1 ئێمە دان بە لیژنەی پلارێزگا بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن دا دەنێین وەك تاکە دەزگایەك کە لە لایەن کۆڕبەندییەکەوە راسپێردراوە بە هەماهەنگی بۆ چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە ئاستی پارێزگاکان دا.

3.2 ئێمە دان دەنێین بە سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنی باڵا لەم لیژنانەدا.

3.3 ئێمە پابەن دەبین بە بەشداری و پشتگیری لە کاری لیژنەی پارێزگاکان، بە کاروباری چالاکییەکانی گەیشتن بە جەماوەر کە راستەوخۆ لە لایەن ئەم پارێزگایانەوە ئەنجام دەدرێت.

3.4 ئێمە ئەوە قبوڵ دەکەین کە لیژنەکانی پارێزگاکان بۆ رۆشنبیریی هەڵبژاردن رووبەرێکن بۆ هەماهەنگی و چاودێریکردنی چالاکییەکانی رۆشنبیریی هەڵبژاردنن لە پارێزگاکەدا، و نەك بۆ چاودێریکردنی ئاستی کارکردن (ئەدا)ی کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵا لە ئاستی پارێزگادا.

**کۆتایی**